# دەستپێشخەریەکەی بارزانی پرۆسەی سیاسی عێراقی رێکخستەوە





**بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری رابردوو و لەوتارێکیدا لە کۆنگرەی هاوپەیمانە دیموکراتەکان لە رۆمای پایتەختی ئیتالیاوە بەهەموو جیهانی راگەیاند: (بەهۆی مێژووی درێژی دیکتاتۆریەت و مەرگەسات و ململانێکانیەوە، زۆر جار عێراق، وەکو یەک لە نموونە هەرە دیارەکانی ئەو جیاوازیانە باس دەکرێ کە ئاشتەوایی تێدا نایەتە دی. بەڵام من ئەمڕۆ لە بەردەم ئێوەدا رایدەگەیەنم، کە ئەوە راست نییە.))،مانگیک دوای ئەم پەیامە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رۆژی پێنج شەمە ٢٠١٠/١١/١١ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بەغدا رێککەوتنی لایەنە سیاسیەکانی عێراقی جارێکی دیکە بە هەموو جیهان راگەیاندەوە کە کورد بەشێک نییە لە کێشەکانی عێراق بەڵکو هۆکاری سەرەکییە بۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنە سیاسیەکان و دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق.**

## بەسرا.. بەهەڵکردنی ئاڵای کوردستان هەستی خۆی بۆ دەستپێشخەریەکەی بارزانی دەردەبڕێت

عەبدولئیلا کازم وتەبێژی فەرمی بەڕێز تاریق هاشمی سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتە پێی راگەیاندین : (من حاڵی حازر( مەبەستی رۆژی ٢٠١٠/١١/٢٠) یە، لە بەسرەم و ئەوەم بەدی کرد کە ئەم دەستپێشخەریەی بەڕێز بارزانی دەنگدانەوەیەکی ئیجابی هەبووە و خەڵکی ئەم شارە تێڕوانینێکی تەواو ئیجابیان هەیە بۆی، من بە حوکمی ئەوەی خەڵکی بەسرەم و هەروەها وەك وتەبێژی بەڕێز هاشمی هەڵدەستم بە رێکخستنی هەڵمەتێك بۆ هەڵدان و شەکاندنەوەی ١٠٠٠ ئاڵای کوردستان لە بەسرە و کۆکردنەوەی ١٠٠٠ ئیمزا بۆ کردنەوەی نووسینگەی سەرپەرشتی بەرژەوەندیەکانی کوردستان لە بەسرە، ئەم هەڵمەتە سبەینێ لە بەیانیەکەیدا دەستپێدەکات، ئەویش وەك تەقدیرکردن و نرخاندنی دەستپێشخەریەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی.

ئەم هەڵمەتە بۆ رێزلێنانە لەم دەستپێشخەریە و ئەمە کاردانەوەیەکی سروشتیە بۆ تەقدیرکردنی ئەم هەوڵە نیشتمانیە و هەروەها خواستێکی راستەقینەیە بۆ هەنگاونان بەرەو قۆناغێکی دیکە لە هاوکاری کردنی یەکتری و سوود وەرگرتن لە ڕای گشتی هەردوولا کە بە ئیجابییەوە بۆ یەکتر دەڕوانن بە چەشنێك سوود بە هەموو لایەك و بە خەڵکی بەسرە و کورستان بگەیەنێت)) ئەو وێنایەی بەڕێز عەبدولئیلا کازم پێی راگەیاندین تەنیا ئەوەندە نییە کە ئێمە وەك کورد خۆشحاڵ بکات بەوەی بەشەکانی دیکەی عێراق بە ئاستێکی بەرز دەستپیشخەرییەکەی بارزانی پێشوازی لێدەکەن، بەڵکو ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە سەرکەوتنی دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی ئاراستەی هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی عێراقیەکان و هەولێکە نەك بۆ لە ریشە هەڵکێشانی شەڕەکانی رابردوو ئێستا، بەڵکو هەولێکە بۆ ریشەکێشکردنی هەموو ئەو هەوڵ و ئامادەباشیانەی رێکدەخرێن بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕەکانی ئایندە، ئەمەش واتە دەستپێشخەرییەکەی بارزانی پرۆژەی هێنانەدی ئاشتیەکی ئەوتۆیە کەوەك بەرێزی لە دەسپێکی وتارەکەی لە کۆنگرەی هاوپەیمانی دیموکراتی لە رۆما ئاماژەی پێکرد، ئەگەر ئیرادەی خێر هەبێت لایەنە جیاواز و پێکناکۆکەکان دەتوانن جیاوازییەکانیان تێپەڕێنن و لەسەر خاڵە هاوبەشەکانیان رێکبکەون و پێکەوە بژین، هەر بۆیە کاتێك بەشێوەیەکی دووربینانە سەیری ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی سەرۆکی کوردستان دەکەین، هەست دەکەین عێراقیەکانیش گەیشتوونە ئەو

**((لایەنێکی گرنگی دەستپێشخەریەکەی بەرێز مسعود بارزانی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق گەیشتبنە ئەو راستییەی کاتی ئەوە هاتووە پشت بەخۆیان ببەستن، زیاتر لەوەی پشت بە کارەکتەری دەرەکی ببەستن، ئەمەش وانەیەکی دیکەی گرنگە و پێویستە لایەنە سیاسییەکانی عێراق فێری بن و بگەنە ئەو راستییەی کاتی**

**به پێی بەرنامەی سەرۆک وەزیران و هاوپەیمانی نیشتیمانی ئاڕاستەکە بە شێوەیەکە وەزارەتە ئەمنیەکان و دەزگا هەواڵگریەکان بدرێنە کەسانی سەربەخۆ**



**ئەوە هاتووە پێکەوە دانیشن و وتوێژ لەسەر کێشەکانیان بکەن و لەسەر مەسەلەکان رێکبکەون...**
**هەربۆیە من پێموایە پێویستە ستایشی ئەم دەستپێشخەریە بکرێت، لەبەر ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی بگەنە رێککەوتنێکی کۆتایی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق))**
**پرۆفیسۆر ئەدمۆند غەریب**

قەناعەتەی کە بێجگە لە رێگەی ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە و جێبەجێکردن و پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە هیچ رێگەیەکی دیکە نییە تروسکایی ئومێدی بۆ ئاییندەی عێراق لێ بەدی بکرێت، هەروەها بێجگە لە خۆشەویستی و متمانە بەیەکتری کردن رێگەیەکی دیکە نییە عێراق بە یەکگرتوویی پێکەوە بهێڵێتەوە، هەر بۆیە دوای ئەو مەراسیمەی لە بەسرا بۆ ئەم دەستپێشخەرییە رێکدەخرێت، چاوەڕێی ئەوەدەکرێت هەموو عێراقیەکان پێکەوە لە زاخۆ تا فاو پێشوازی لەو دەست پێشخەرییە بکەن و ئومێدێکی تازە بۆ عێراق بونیاد بنێنەوە.

هەر دەربارەی ئەم دەست پێشخەرییەی سەرۆك بارزانی، پرۆفیسۆر فیبی مار بەناوبانگترین مێژوونووسی ئەمریکا لەسەر عێراقی نوێ و توێژەری باڵا لە ئامۆژگای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتی (USIP) لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتە بەگوڵانی راگەیاند: ((شتێکی ئاشکرایە کە «بارزانی» رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و هەنگاوێکی گەورەی هاوێشتووە لە کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و پێکهێنانی حکومەت و پێدەچێ ئامادەباشیی تێدا هەیە بۆ کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی و دروستکردنی متمانەیی، بەڵێ، ئەمەیان شتێکی زۆر باشە. بەڵام پێویستە چاوەڕوان بین و بزانین کە ئایا ئەم هەڵوێستە بەردەوام دەبێت یان نا، بۆ نموونە، هەموومان دەزانین کە ناکۆکی هەیە لەسەر یاسای نەوت و هایدرۆکاربۆنەکان، پێویستە هەموو لایەنەکان لەم بارەیەوە بگەنە رێککەوتنێك، لەبارەی پەرەپێدان و بەکارهێنانی نەوتی باکوور و باشوور و داهاتەکانی لەگەڵ سەرچاوەکانی تر، لەم بارەیەوە هەماهەنگیی هەمووان پێویستە. بێجگە لە کێشەکانی تر، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا لەبارەی کێشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان، هەموو لایەنێکیش دەزانێت کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی زۆر زۆر ئاڵۆز و ئەستەمە، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستە چاوەڕوان بین بزانین چی روودەدات. بەڵام بەڕای من، دروست بوونی متمانە و هاوکات ئامادەباشی کوردەکان بۆ کارکردن لەگەڵ عێراقییەکان و لەچوارچێوەی عێراق بە شتێکی زۆر پۆزەتیڤی دەزانم.)) خاتوو فیبی مار کە ئێستا خاوەنی پرۆژەی تێڕوانینی ئاییندەیە بۆ عێراق - envisioning an alternative future for Iraq )، زۆر راشکاوانە ئاماژە بەوەدەکات کە رۆڵی سەرۆك بارزانی لە رێککەوتنی عێراقییەکان رۆڵێکی لە ئەندازە بەدەر گرنگ بووە،ئەمەشی لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی ئێمەدا راشکاوانە

**ئەگەر ئیرادەی خێر هەبێت لایەنە جیاواز و پێکناکۆکەکان دەتوانن جیاوازییەکانیان تێپەڕێنن و لەسەر خاڵە هاوبەشەکانیان رێکبکەون و پێکەوە بژین**



## فیبی مارڕ بۆ گوڵان:

# دەستپێشخەرییەکەی بارزانی کۆتایی بە قۆناخە سەختەکەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هێنا و حکومەت لەکاتی خۆیدا پێکدەهێنرێت و ناتوانرێت لەمە زیاتر کات بەفیرۆ بدرێت

خستە روو سەبارەت بەوەی ئایا مالیکی دەتوانێت لەو ماوەیەی بۆی دیاری کراوە حکومەتەکەی پێکبهێنێت ؟ خاتوو فیبی مار بەم راشکاوییە وەڵامی ئەم پرسیارەی داینەوە و وتی : ((هیوادارم مالیکی بتوانێت لەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە حکومەتەکەی پێکبهێنێت. پێموایە کە ئێستا کارەکان لە جاران ئاسانترە، لەبەرئەوەی قۆناغە سەختەکە تێپەڕیوە و ئەمڕۆ رێککەوتن هەیە لەو بارەیەی کە کێ لە حکومەت بەشداربێت و کێ بەشدارنەبێت و هەروەها پۆستە سەرەکییەکان دابەشکراوە. هاوکات هەموومان دەزانین کە نزیکەی ٤ — تاکو ٥ وەزارەتی سەرەکی هەیە و هەڵبەتە ململانێیان لەسەرە و کە ئایا بدرێن بە کێ؟. بەڵام من لەوە گەشبینم کە «مالیکی» لەتوانایدا دەبێت لەماوەی ٣٠ رۆژەکەدا حکومەت پێکبهێنێت، هەرچەندە کەس ناتوانی خەمڵاندنی بۆ بکات بەڵام من پێموایە کە ئەوەی زەحمەت بوو تێپەڕی و ئێستا بارەکە لە جاران ئاسانتر بووە و دەتوانین بڵێین قۆناغە سەختەکە کۆتایی هات. هەربۆیە ناکرێ لەوە زیاتر کات بەفیرۆبدرێت و شتەکان دوابخرێت، هاوکات لەو بڕوایەدانیم کە ململانێ و رکابەری لەپێناو دەسەڵات کۆتایی بێت، تەنانەت پاش پێکهێنانی حکومەتیش. شتەکە بەو ئاسانییە نییە کە لەماوەی شەو و رۆژێکدا ئەنجامبدرێت و بۆ بەیانی لە خەو هەڵستین و ببینین حکومەتێکی کارا و ئاکتیڤ دەستبەکاربووە. هەربۆیە من لەو بڕوایەدام کە مشتومڕ و ئاڵوگۆڕ و دانوستان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێت، بەڵام من لەوە دڵنیام کە لەماوەیەکی لۆژیکدا دەتوانرێت حکومەتی ئایندە پێکبهێنرێت، بەڵام بێگومان ئەمە کارێکی ئاسان نییە. هەڵبەتە حکومەت لەهەموو شوێنێك ناکارایە، لە کوردستان و هەروەها لە باشووری عێراق-یش، قەیرانی حکومڕانی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە. هەربۆیە پێویستە حکومەت لە ئێستای باشتر و کاراتر و ئاکتیڤتر بێت لەسەر ئاستەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و دەوڵەت و نیشتمانیش. هەرچەندە لە دەستووری عێراقی ئاشنانیم و نازانم چیی تیا باسکراوە یان ماوەی ئەو ٣٠ یان ٢٥ رۆژە بەسە یان نا، لەو راستییەش بەئاگام کە هەموو لایەنێك پەلەیەتی و فشار دەخاتە سەر پڕۆسە سیاسییەکە بۆئەوەی بەزووترین کات حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم پڕۆسەیە کاتێکی زۆر دەکێشێت و پێویستیی بە سەبر هەیە.))

ئەوەی پرۆفیسۆر مارڕ ئاماژەی پێدەکات تەنیا تێروانینێکی سەرپێیانە نییە بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق و ئەو لە وردەکاری و ئاستەنگەکانی ئەو پرۆسە



## عاليه نسەيف بۆ گوڵان:

# لیستی ئەلعیراقیە پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزارەتی دەرەوەی بەردەکەوێت و دەبێت هەردوو وەزارەتی ناوخۆو بەرگریش بدرێنە دوو کەسی سەربەخۆ و بێلایەن

ئاڵۆزە تێدەگات بەڵام ئەوەی گەشبینی کردووە لەوەی د.مالکی لەماوەی خۆیدا حکومەت پێکبهێنێت، سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی یە کە ئەو ناوی لێناوە تێپەڕاندنی قۆناخە سەختەکە، ئەمەش وەك خۆی بۆ گوڵانی ئاشکراکرد دوای تێپەڕاندی ئەو قۆناخە سەختە ئیدی کارەکان بەو ئاستە قورس نین کە نەتوانرێت بەپێی ئەو کاتەی بۆی دانراوە جێبەجێ بکرێن هەروەها لە درێژەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراقیش خاتوو مار بەمجۆرە بینینی خۆی بۆ واقیعی ئێستای عێراق بۆ گوڵان ئاشکرا کرد و وتی : ((بەڕای من، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عێراقی دیموکراسیترە، لەسەردەمی رژێمی سەدام حوسێن، هەموو لایەنێکیش لەم راستییە بەئاگایە. هەڵبەتە دیموکراسییەت و ئازادی باجی دەوێ، بێگومان یەکێك لەو باجانەش ئەوەیە کە حکومەت زۆر کارا نابێت، بەپێچەوانەی جاران کاتێك کە تاکە سەرکردەیەکی ستەمدار چنگی لە هاووڵاتیان توندکردبوو و ناچاری دەکردن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەبێ پرسیار، ئەو بارە کۆتایی هاتووە و چیتر لە عێراق دووبارە نابێتەوە و کەسیش خوازیارنییە ئەو شتانە دووبارە بێتەوە، لەبەرئەوەی کەستان نایەوێ سەدام یان یەکێکی وەك ئەو بگەڕێتەوە. هەڵبەتە ئەو راستییەکی ئاشکرایە کە حکومەتێکی ئیئتیلافی بە بەشداربوونی هەموو پێکهاتە و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان ناتوانێت ئاکتیڤ و کارا بێت وەك حکومەتێك کە لەلایەن یەك پارتی سیاسی حوکمڕانی دەکرێت. هەربۆیە هیوادارم ئەو ئاڕاستانە بوونی نەمێنێت کە ئەمڕۆ سەبارەت بە جیاوازییەکانی ئیتنی و ئایینی و تایفەگەری بوونی هەیەو زیاتر هەنگاو بنێن بەرەو ئاڕاستەکانی نائیتنی و ناتایفەگەری و ببنە خاوەن حکومەت و ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز، پاشان هەڵبژاردنی دیموکراسیتان هەبێت و هاووڵاتیان بەخۆیان بڕیاربدەن و هەڵبژێرن لەنێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن. ئەمڕۆش عێراق هەر زۆریش دوورە لەو ئاڕاستانە و لەو بڕوایەدانیم کە لەماوەی شەو و رۆژێکدا ئەو مشتومڕ و ناکۆکی و گفتوگۆ و وتوێژانە کۆتاییان بێت. هەربۆیە، عێراق زۆر بە زەحمەتی دەتوانێت پێشکەوتن و پەرەپێدان ئەنجامبدات لە بوارەکانی بونیاتنانی ژێرخانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان. هەرچەندە بۆم نییە ئەم بۆچوونە بخەمەڕوو بەڵام ئێوە، گەر وەك کورد یان عێراقی، پێویستە فێربن لەبارەی چۆنیەتی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری و پێکەوە کاربکەن لەپێناو وەدیهێنانی پەرەپێدان و پێشکەوتن. بەڵام شایەنی باسە کە ئێوە

## عەبدولئیلا کازم بۆ گوڵان:

# وەک وتەبێژی بەڕێز هاشمی هەڵدەستم بە ڕێکخستنی هەڵمەتێک بۆ هەڵدانی ١٠٠٠ ئاڵای کوردستان لە بەسرا و کۆکردنەوەی ١٠٠٠ ئیمزا بۆ کردنەوەی نووسینگەی سەرپەرشتی بەرژەوەندیەکانی کوردستان لە بەسرا

تاکو ئێستا کارێکی باشتان ئەنجامداوە، پێشکەوتنی بەرچاو هەیە و بارودۆخەکان بەو خراپییە نییە، لەبواری نەوت گەشەتان کردووە و خزمەتگوزارییەکان بەرەوپێشەوەچووە و هەندێ کاری وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت، لەماوەی ٢ ساڵی رابردوودا کەشوهەواکە بەرەو باشتر رۆیشتووە، لە کوردستان ئەو پێشکەوتنانە دەبینرێت و ئەو شتە لەیاد نەکەن کە ئێوە خاوەن حکومەتێکی هەرێمین، بەشێوەیەك کە بودجەتان هەیە و دەتوانن بڕیارەکان دەربکەن و بەرەو پێشەوە بڕۆن بەتایبەتی لەبواری ژێرخانەکان،هەربۆیە پێویستە لەم بارەیەوە هیوامان هەبێت، هەمووشمان دەزانین کە ئەمڕۆ عێراق پێویستیی بە حکومڕانییەکی باش و شەففاف هەیە، هەروەها لە بواری یاسادانان کە مایەی پێشکەوتنی ئابووری بێت بۆ پەرەپێدانی بار و گوزەرانی هاووڵاتیان.

بەڕای من ئەم پڕۆسەیە لە سەرەتاکانیدا پێویستیی بەکات هەیە، ئەویش تاکو کابینەی حکومەت پێکدەهێنرێت، هیوادارم لە حکومەتی داهاتوو بەهێزتر بێت و هەڵستێت بە یاسادانان و ئومێدەوارم ئەم حکومەتە یەکسەر و بەشێوەیەکی ئاکتیڤ و کارا دەست بەکاربێت.)).

### هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دوای کۆتایهاتنی قۆناخە سەختەکە

سەرکەوتنی دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی کۆتایی بە قۆناخە چەقیوو و سەختەکەی پرۆسەی سیاسی عێراق هێناو ئێستا پرۆسەکە لەقۆناخی وتوێژکردندایە بۆ چۆنیەتی بەشداریکردن لە حکومەت و چۆنیەتی دابەشکردنی



پۆستە وەزارییەکان، سەبارەت بە چۆنیەتی بەشدار بوونی لیستی ئەلعراقیە لە پرۆسەی پێکهێنانی ئەم حکومەتە خاتوو عالیە نسەیف پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی : (لەڕاستیدا چەند پۆستێك هەن کە لە ڕێی ڕێککەتنی سیاسیەوە یەکلاکراونەتەوە، ئەو ڕێککەوتنە سیاسیەی لە نێوان سەرۆکی لیستی ئەل عێراقیە، ئەیاد عەللاوی، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی وەزیران نوری مالیکی ئەنجامدرا، لە بارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیجیەکان، کە ئەم ئەنجومەنە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە سیاسیەکەدا باسی لێوەکراوە، نەك بە پێی ئەو سیستەمەی دانراوە کە هەر چەند کورسیەکی پەرلەمان خاڵێکی بۆ دانراوە، کە وەزارەتەکانیش پۆلێنکراوە بۆ وەزارەتە سیادیەکان کە دوو ئاست لە خۆدەگرێت، بە هەمان شێوە وەزارەتە خەدەمیەکانیش ئەوانیش چەند ئاستێکن، دواتر وەزارەتەکانی دیکە کە پلەیان خوارترە، ئەمانە بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن یەکلادەکرێنەوە، پێم وایە لیستی ئەل عێراقیە بەو ئیعتیبارەی گەورەترین ئەنجامی هەبووە لە هەڵبژاردنەکان ئەوا پشکی گەورەتر دەبێت لەم ڕووەوە.

هەروەها چەند دەزگایەکی دیکە هەن کە ملکەچی ڕێککەوتنە سیاسیەکانن، نەك سیستمی خاڵەکان، وەك دەستەی نەزاهە و وەبەرهێنان و ئەنجومەنی قەزا، هەروەها من پێم وایە ئەلعێراقیە هەوڵدەدات کەسانی تەکنوکرات و بەکەفائەت بۆ ئەو پۆستانە بپاڵێوێت بۆ ئەوەی باشترین ئەدایان هەبێت.

سەبارەت بە ئەنجوومەنی نیشتمانیش بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان سەرکردەکاندا کراوە، ئەم ئەنجوومەنە بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، لەم ڕوانگەیەوە بە پۆستێکی سیادی دادەنرێت و بڕیارەکانی مولزیمن و کۆمەڵێك لە سەرکردە عێراقیەکان لە خۆدەگرێت و بەڕێز عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات و دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەیە، ئەمە بە پێی ڕێککەوتنە سیاسیەکە، کەواتە بە پۆستێکی سیادی دادەنرێت.)) هەر لەچوارچێوەی ئیستحقاقی لیستی ئەلعراقیە و سەبارەت بەوەی ئایا بەڕێز د.هاشمی چ پۆستێك وەردەگرێت؟ بەڕێز عەبدولئیلا کازم وتەبێژی فەرمی هاشمی پێی راگەیاندین : ((ئەوەی پەیوەست بێت بە بەشداری کردنەوە، من

## د.فالح فەیاز بۆ گوڵان:

# هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان و هاوپەیمانی نیشتمانی و ئەلعیراقیە هەریەکەی وەزارەتێکی سیادی وەردەگرن و یەکێک لە پۆستەکانی جێگری سەرۆک وەزیرانیش دەدرێتە هاوپەیمانی کوردستانی

پێم وایە ئێمە لەم ڕووەوە هەنگاوی باش چووینەتە پێش و لەو باوەڕەدانیم دووبارە هەنگاو بۆ دواوە هەڵبگیرێنەوە، واتە ئەل عێراقیە بەشداری دەکات، بەڵام ڕەنگە سەرۆکی ئەم لیستە هەندێ تەحەفوزات و سەرنجی هەبێت، ئەمەش شتێکی ڕەوایە. لە هەمان کاتدا هەوڵ و کۆشش هەیە بۆ گۆڕانکاری کردن لە هەندێ بواردا، ئەویش بە ئاڕاستەی ئیجابیدا... هەروەها ئەم مەسەلانە قابیلی گفتوگۆ و تەوافوق و ڕێککەوتنە، لەو باوەڕەدانیم ئەمە ببێتە گرێ کوێرە و قەیرانێکی گەورە و پێم وایە کوتلە سیاسیەکان دەتوانن تەجاوزی ئەو سەرنجانە بکەن کە هەیانە توانای لێکنزیکبوونەوەیان هەیە لە یەکتری. کاروبارەکان ڕەوتێکی باشیان گرتۆتەبەر و مەسەلەکان بە تەوافوق کۆتایی پێدێت.))سەبارەت بە پۆستی ئاییندەی بەڕێز هاشمیش پێی ڕاگەیاندین : (ئاڕاستەی گشتی لە ناو ئەل عێراقیە و کوتلە سیاسیەکانی دیکەدا ئەوەیە بەڕێز تاریق هاشمی هەمان پۆستی پێشوو وەردەگرێتەوە، واتە پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق) هەر دەربارەی وتوێژەکانی نێو لیستی ئەلعراقیە کە هەم بەشداربوونیان گرنگە و هەمیش ئەو پۆستانەش گرنگن کە داوای دەکەن، لە خاتوو عالیە نسەیفمان پرسی ئایا لە پۆستە وەزارییەکاندا ئێوە چۆن خۆتان ئامادەکردووە و بەنیازن کام لە پۆستە وەزارییەکان بۆ ئێوە بێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا خاتوو عالیە پێی وتین: ((دوای ئەوەی پۆستی سەرۆك



وەزیران یەکلاکرایەوە، ئەوە ئاشکرابووە کە ئەلعێراقیە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزارەتی دەرەوە دەبات، هەروەها وەزارەتێك یان دو وەزارەتی سیادی، دواتر کۆمەڵێك لە وەزارەتە خەدەمیەکان لە پۆلێنی یەکەم و دووەم.
هەروەها ڕێککەوتن کراوە کە لە دوای جەژنی قوربان- دوای ئەوە بەڕێز عەللاوی لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی بەڕێز جەمال بەتیخ پێکهێنا- لایەنەکانی ناو ئەلعێراقیە کەسێك دیاری بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە بارەی ئەم پۆستانەوە بکات، واتە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی چ وەزارەتێك دەدرێت بە ئەل عێراقیە و دواتر ناو دیاری دەکرێت.)) سەبارەت بە پۆستی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریش کە ئێستا بانگێشە بۆ ئەوە دەکرێت ئەم دوو وەزارەتە بدرێتە دوو کەسی بێلایەن، پەرلەمانتاری ئەلعراقیە عالیە نسەیف پێی ڕاگەیاندین : ((ئەم وەزارەتانە بە پێی سیستمی خاڵەکان یەکلادەکرێنەوە، واتە ئەم وەزارەتانە ملکەچی گفتوگۆ و تەوافوقە سیاسیەکان نین، لەم سۆنگەیەوە دەبێت بدرێنە کوتلەیەکی سیاسی، کە ئەم دوو وەزارەتە دە خاڵیان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت کوتلە سیاسیەکان کەسێکی سەربەخۆ بپاڵێون کە ئێمە دەزانین لە نێو کوتلە سیاسیەکاندا کەسانی سەربەخۆ بوونیان هەیە، واتە دەکرێت ئەم وەزارەتانە بدرێتە لایەنێکی سیاسی بە مەرجێك ئەو لایەنە کەسێکی سەربەخۆ بپاڵێوێت بۆ ئەم پۆستە.))

لە پرسیارێکی دیکە و سەبارەت بەوەی ئەمجارە پۆستی وەزارەتی دەرەوەش بە کورد نادرێتەوە عالیە نسەیف وتی: ((لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەوە ڕەتدەکەینەوە کە پۆستەکان لەسەر بنەمای تائیفی دابەشبکرێت، بەڵام لە ئێستادا ڕەزامەندییەکی مەبدەئی هەیە لە بارەی ئەوەی ئەم پۆستە بدرێتە لیستی ئەلعێراقیە.))

### ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان تەنیا بۆ ئەم خولەیە

د. فالح فەیاز سەرکردەی تەیاری ئیسلاحی سەر بەئیبراهیم جەعفەری و پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان ئاماژە بەوە دەکات بەپێی ئەو ڕێککەوتنە سیاسیەی ئیمزاکراوە ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان تەنیا بۆ ئەم خولەیە، هەربۆیە لەمیانەی لێدوانەکەیدا بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان د.فالح بەمجۆرە سەبارەت بە هەوڵەکانی



**ئەگەر پرۆسە سیاسیەکە سەقامگیربوو، ئەوا ئەو کاتە تەنیا کار بە چوارچێوە دەستوریە بڕیارلێدراوەکان دەکرێت**

ئێستا بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هاتە ئاخافتن و وتی: ( ئێستا هەموو لایەك سەرقاڵی ئامادەکاریە بۆ دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانیان، ئەوەی پەیوەست بێت بە بەڕێز سەرۆك وەزیران و هاوپەیمانی نیشتیمانیەوە، ئەوا بە پێی زانیاریەکانی من دەستیان کردوە بە دەستنیشانکردنی ئەو وەزارەتانەی لە ئارادان و پێشنیارکردنی ژمارەیەك خاڵ بۆ پۆستە سەرۆکایەتی، پەرلەمانی و وەزاریە جیاوازەکان و دابەشکردنی وەزارەتەکان بە پێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، ئەویش لەسەر بنەمای کۆمەڵە خاڵێکی دیاری کراو، کە هەر کۆمەڵە کورسیەك لە پەرلەماندا خاڵێکی بۆ دادەنرێت. دواتر گفتوگۆکان چڕدەبنەوە، یەکەم لە بارەی دیاری کردنی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن لە ڕووی ژمارەی وەزارەتەکان، دواتر ئەوە یەکلادەکرێتەوە هەر کوتلەیەك چەند وەزارەتی پێبدرێت و پاشان سەلاحیەتی سەرۆك وەزیرانە ناوەکان قبوڵ بکات، بە تایبەتی پاڵێوراوەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی، کە لێرەدا ئەوە دەکرێتە پێوەر دەبێت ئەو پاڵێوراوە کەسێك بێت باوەڕی بە بەرنامەی حکومەتەکە هەبێت. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێین ڕاستە هەر کوتلەیەك سەرپشکە لەوەی چ پاڵێوراوێکی هەبێت، بەڵام دەبێت ئەو کەسە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی تا دوا ڕاددە لە مەترسی موحاسەسە کەمبکرێتەوە و هەروەها ئەمەش بە باشترین شێوە زەمانەتی ئەوە دەکات کە باشترین کەفائەت لە وەزارەتەکەدا بخرێتە گەڕ، ئەویش لە چوارچێوەی ئیستیحقاقی هەڵبژاردندا. سەبارەت بە ئەنجوومەنی سیاسەتی ستراتیژیەکانیش، بێگومان ئەمە پۆستێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە، هەروەها سەنگێکی هەڵبژاردنیشی هەیە، من پێم سەیرە کە لێدوان لە بارەی ئەوەوە دراوە ئەم پۆستە هیچ قورساییەکی هەڵبژاردنی نییە، ئەمە دروست نییە لەبەر ئەوەی گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و دەسەڵاتی هەیە و سەنگی هەڵبژاردنیشی هەیە. هەر بۆیە ئەگەر بە پێی ڕێککەوتنە سیاسیەکە بێت ئەم ئەنجوومەنە تەنیا پەیوەستە بەم دەورەی هەڵبژاردنەوە، واتە ئەمە ڕێککەوتنێکی مەرحەلیە» پەیوەستە بە قۆناغێکی دیاری کراوەوە» لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتەدا. بەڵام ئەگەر عێراق سەقامگیربوو، ئەگەر پرۆسە سیاسیەکە سەقامگیربوو، ئەوا ئەو کاتە تەنیا کار بە چوارچێوە دەستوریە بڕیارلێدراوەکان دەکرێت، واتە تەنیا لەم چوارچێوە دەستوریانەدا هاوسەنگی ڕادەگیرێت و دەرفەتی بەشداری کردن دەڕەخسێنرێت.)) سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان بە تایبەتی ئەو وەزارەتانەی پێیان دەگوترێت وەزارەتی سیادی،

**ڕێککەوتنە سیاسیەکەی لە نێوان سەرۆکی لیستی ئەل عێراقیە، ئەیاد عەللاوی، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی وەزیران نوری مالیکی ئەنجامدراوە پۆستە سیادییەکانی یەکلاکردۆتەوە**



**قۆناغە سەختەکە تێپەڕیوە و ئەمڕۆ ڕێککەوتن هەیە لەو بارەیەی کە کێ لە حکومەت بەشداربێت و کێ بەشدارنەبێت و هەروەها پۆستە سەرەکییەکان دابەشکراوە**

د.فالح بەمجۆرە ئەم مەسەلەیەی بۆ گوڵان ڕوونکردەوە و وتی: ((هەروەك پێشتر پەیڕەوکراوە، هاوپەیمانی کوتلە کوردستانیەکان وەزارەتێکی سیادیان پێدەدرێت، بە هەمان شێوە لیستی ئەلعێراقیە و هاوپەیمانی نیشتمانیش وەزارەتێکی سیادیان پێدەدرێت و دواتر باقی وەزارەتەکانی دیکە لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن یەکلادەکرێنەوە، واتە هاوپەیمانی کوتلە کوردستانیەکان وەزارەتێکی سیادی پێدەدرێت کە دواتر ڕێککەوتنی لەبارەوە دەکرێت. هەروەها یەکێك لە پۆستەکان جێگری سەرۆك وەزیرانیش دەدرێت بە هاوپەیمانی کوتلە کوردستانیەکان.))سەبارەت بە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆش پەرلەمانتاری تەیاری ئیسلاح پێی وابوو کە ((بە پێی بەرنامەی سەرۆك وەزیران و هاوپەیمانی نیشتمیانی ئاڕاستەکە بە شێوەیەکە وەزارەتە ئەمنیەکان و دەزگا هەواڵگریەکان بدرێنە کەسانی سەربەخۆ، واتە ڕاستە دەبێت بە تەوافوق بێت و هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان بپارێزرێت، بەڵام دەبێت دووربێت یان لە دەرەوەی موحاسەسەی سیاسی بێت بۆ ئەوەی مەلەفی ئەمنی بە شێوەیەکی پیشەگەرانە ئیدارە بکرێت. ئەمەش ئاڕاستە و بەرنامەی سەرۆك وەزیران و هاوپەیمانی نیشتمانیە بۆ ئەوەی کەسانی سەربەخۆ ئەو پۆستانە وەربگرن.))
بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بەشداری کورد لەم پرۆسەیە و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ئاستەنگی ئەو تۆی دێتە پێش کە چاوەڕوان نەکراو بێت؟ سەبارەت بەم مەسەلەیەش پرۆفیسۆر فیبی مار بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو و وتی: ((من زۆر بەوریاییەوە دەتوانم بڵیم گەشبینم، بەڕای من پرۆسەکە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بە نایەکسانی بەڕێوەدەچێت، لەبەرئەوەی هەندێك لە ناوچەکان لە ناوچەکانی تر باشتر دەبێت و بایەخی زیاتریان پێ دەدرێت. بەڵام ئەگەر بێت و هاووڵاتییە عێراقییەکان بتوانن لەگەڵ حکومەت هەماهەنگ و هاوکاربن و ئامادەباشییان تێداهەبێت بۆ سازشبوونەوە، ئەوکات پێشکەوتنی بەرچاو ئەنجام دەدرێت. هەر لەساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ەوە پێشوەختە پێشکەوتن ڕوویداوە و پرۆسەکە زۆر لەسەرخۆیە و بەو خێراییە بەڕێوەناچێت و بارودۆخەکان بەرەو باشتر بڕوات و لەوە دڵنیام کە لەم هاوکێشەیەدا کوردەکان دەتوانن رۆڵێکی زۆر گرنگ بگێڕن، لەبەرئەوەی زۆربەی کێشەکانی عێراق پەیوەستە بە یاسای هایدرۆکاربۆن یەکلاکردنەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان. هەربۆیە، ئەم لایەنانە دەبێت بەمایەی بایەخ بۆ ئێوەی کورد لە کوردستان و هەروەها لەلایەن حکومەتی ناوەندیش لە بەغدا. بەو شێوەیەش من رۆڵی بەڕێز «بارزانی» و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بە شتێکی زۆر پۆزەتیف دادەنێم)).

**عێراقیەکانیش گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە بێجگە لە ڕێگەی ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە و جێبەجێکردن و پابەندبوون بە دەستووری عێراقەوە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە تروسکایی ئومێدی بۆ ئایندەی عێراق لێ بەدی بکرێت**




### ئەدمۆند غەریب ئەکادیمی و پسپۆڕ لەسەر عێراق و کورد بۆ گوڵان:

# دەستپێشخەرییەکەی بارزانی کۆتایی بەقەیرانی سیاسی عێراق هێنا، بۆیە دەبێت ستایشی کوردیش بکرێت لە گێڕانی ئەو رۆڵە گرنگەدا

**گوڵان:** رات چییە بەرامبەر بارودۆخی ئەمڕۆ؟ بەتایبەتی لەکاتێکدا کە عێراقییەکان لەکۆتاییدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و توانییان بگەنە رێککەوتنێك لەبارەی پێکهێنانی حکومەت. ئایا تا چەند باوەڕت بەم حکومەتە هەیە و ئایا پێتوایە کە ئەم رێککەوتنە حکومەتێکی ئەکتیڤی لێ بکەوێتەوە؟

**ئەدمۆند غەریب:** هەڵبەتە عێراق ژمارەی پێوانەیی شکاندووە لە جیهان لەبارەی شکستهێنانی لە گەیشتن بە رێککەوتن و پێکهێنانی حکومەت. ئێستاش پاش شکاندنی ئەو بەستەڵەکە دەتوانم بڵێم کە هەنگاوێکی باش بوو لەکاتی خۆی روویدا و هاوکات شتێکی ئومێدبەخشە کە لەکۆتاییدا پێکهاتە و گرووپ و پارتە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق توانییان بگەنە رێککەوتنێك. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو پێشەوە و هاوکات هیوادارم سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەم ئەزموونە فێربن و بزانن تاچەند پێویستە کە پێکەوە کار بکەن لەگەڵ بەرز راگرتنی بەرژەوەندیی نیشتمانی و بیخەنە سەرووی بەرژەوەندییە تاکرەوی و کەسی خۆیانەوە. هەربۆیە ئەگەر هاتوو لەو وانەیە فێربووبن، ئەوکات بە هەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێت بەرەو پێشەوە و دەبێتە چارەسەرکردنی کێشەکانی تریش، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، تاکو ئێستاش هەندێ کێشە و پرسی ئاڵۆز بوونیان هەیە کە بەو ئاسانییە چارەسەرناکرێن، بەڵام ئەگەر ئەو تێگەیشتنەی کە ئەمڕۆ لەنێوان سەرکردەکانی پارتە سیاسییەکاندا بوونی هەیە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوکات تێدەگەن لە پێویستیی پێکەوەکارکردن و هەماهەنگی لەپێناو چارەسەرکردنی، یان دەستپێکردن بە چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی وڵات، کە زۆر ئاڵۆز و تێکهەڵکێشە، لەئاکامیشدا ئەمە دەبێت بە نیشانەیەکی زۆر پۆزەتیڤ. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بەردەوام بن لەو رێچکەیەی کە ماوەی ٧ ساڵە پەیڕەوی دەکەن، ئەوکات بەداخەوە پێشبینیی داهاتوویەکی گەش بۆ عێراق ناکرێت.

**گوڵان:** هەڵبەتە رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەژێر رۆشنایی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە دی. ئایا بەڕای تۆ ئەم دەستپێشخەرییەی «بارزانی» تا چەند دەبێت بەمایەی دروستبوونی متمانە لەنێو پێکهاتەکانی عێراق؟

**ئەدمۆند غەریب:** بەڕای من، زۆربەی لایەنە جیاوازییەکان ئاماژەیان بەوەدا کە ئەم دەستپێشخەرییە زۆر گرنگ و سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکان لە چواردەوری هەمان مێز، ئەوانیش توانییان بگەنە جۆرە رێککەوتنێك و هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکەی کە رووبەڕووی وڵات ببۆوە، ئەوەش پێشکەوتنێکی بەرچاو بوو و بووە مایەی کۆتایی هاتنی قەیرانەکە و دەرگاکانی والاکرد بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنەکان. ئەمە بەڕاستی هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا ئەم بارە تا کوێ دەڕوات؟ وەکو رایەکی کەسی پێموایە لایەنێکی دیکەی

**هیوادارم سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە ئەزموونی رێککەوتن و پێکهێنانی حکومەت فێربن و بزانن تاچەند پێویستە پێکەوە کار بکەن**



**پرۆفیسۆر ئەدمۆند غەریب ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی ئەمریکا و تۆژەری باڵای سەنتەری مستەفا بارزانی-یە لە مەڵبەندی ئاشتی بۆ جیهان لەزانکۆی ئەمریکا و تایبەتمەند و پسپۆرە لەسەر عێراق و کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان عەرەب و ئەمریکا، خاوەنی چەندین کتێب و دیراسەتی ئەکادیمیە لەسەر پرسی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر پرسی کوردیش کتێبێکی بە ناونیشانی کێشەی کورد لە عێراقدا نووسیوە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی ئێستای عێراق و کاریگەری دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك مسعود بارزانی و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، لەدیمانەیەکی تایبەتدا پرۆفیسۆر غەریب بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

گرنگ لەبارەی ئەم دەستپێشخەرییە ئەوەیە کە لەوانەیە پارتە سیاسییە جیاوازەکان گەیشتبنە ئەو راستییەی کە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە پشت بەخۆیان ببەستن، زیاتر لەوەی پشت بە کارئەکتەری دەرەکی ببەستن، کە زۆرجار بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەخەنە سەرووی ئەولەویاتەکانی کارەکانیان و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییەکانی عێراق. هەڵبەتە ئەمەش وانەیەکی دیکەی گرنگە و پێویستە پارت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق فێری بن و بگەنە ئەو راستییەی کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە دانیشن و کێشەکانی وڵاتەکەیان بخەنەڕوو و لەسەر مەسەلەکان رێککەون.

**گوڵان:** سەرکەوتنی دەستپێشخەرییەکەی «بارزانی» ئەو راستییەی سەلماند کە کورد بەشێك نییە لە کێشەکانی عێراق، بەڵکو کورد بەشێکە لە چارەسەرەکەی. ئایا بەڕای تۆ تا چەند پێویستە رێز لە هەڵوێستی کورد بگیرێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق؟

**ئەدمۆند غەریب:** بەڕای من پێویستە سەرکردەی سیاسیی کورد و کوردەکان ستایش بکرێن لەبەرئەوەی بوونە هۆی گەیشتن بە رێککەوتنێکی کۆتایی، بەڵام وێڕای ئەوەش و هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا چەندین کێشەی گەورە هەیە و پێویستیی بە چارەسەر هەیە. بۆ نموونە بەلایەنی کەمەوە لەبارەی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی، لە رابردوودا کێشەیان هەبووە و پێشبینی دەکەم کێشەکانی نێوانیان هەر بمێنێت، ئەم کێشانەش زۆر ئاڵۆزە و وابزانم زیاتر پەیوەستە بە سنوورەکانی نێوان ناوچەکانی عەرەب و ناوچەکانی کورد، کە لە داهاتوودا پێویستە کێشەی کەرکوك چارەسەربکەن، لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستەکانی نەوت لەبارەی چۆنیەتی واژۆکردنی گرێبەستەکان و هەڵبژاردنی ئەو لایەنانەی کە لەو بارەیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، جگە لە پرسی شێوازی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و غاز و سەرچاوەکان، ئەمانە هەمووی لایەنی گرنگ و هەستیارن و پێویستە چارەسەربکرێن. هاوکات سەرکردایەتی کورد رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە کۆکردنەوەی هەموو پارتە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق، بەڵام پێموایە هێشتا تەحەددای گەورەتر لە ئاسۆدایە و پێشبینی دەکەم لە داهاتوودا کورد بە ساتگەلێکی سەخت تێپەڕێت. هەربۆیە، لەو بڕوایەدام کە پێویستە تێگەیشتن و پێزانین لە ئارادا بوونی هەبێت لەبەرامبەر هەڵوێستی کورد و هەروەها هەڵوێستی کارئەکتەرەکانی دیکە، بەڵام زۆر گرنگە هەموو لایەنەکان پێکەوە دانیشن و بگەنە تێگەیشتنێك لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندیی هەموو لایەنە جیاوازەکان.

**گوڵان:** وێڕای ئەو رۆڵەی گرنگەی کە کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت هەیبووە، بەڵام دەبینین کورد هێشتا کێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیە لە «بەغدا». ئایا بەڕای تۆ حکومەتی داهاتوو تا چەند لەتوانایدا دەبێت ئەم کێشانە چارەسەربکات و ئایا هاووڵاتییە عێراقییەکان تا چەند پێیان دەکرێت ئەم جۆرە کێشانە ببەزێنن؟

**ئەگەر سەرکردەکانی پارتە سیاسییەکان بەردەوام بن لەو رێچکەیەی کە ماوەی ٧ ساڵە پەیڕەوی دەکەن، ئەوکات بەداخەوە پێشبینیی داهاتوویەکی گەش بۆ عێراق ناکرێت**

**دەستپێشخەرییەکەی مسعود بارزانی بووە مایەی کۆتایی هاتنی قەیرانەکە و دەرگاکانی واڵاکرد بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکان**

**ئەدمۆنـد غەریـب:** هەروەك پێشـتریش ئاماژەم پێدا، بینیمان لایەنە سیاسـییەکان توانییان پێکەوە دانیشن و بەلایەنی کەمەوە ڕێککەوتـن لەسـەر پێکهێنانی حکومەت بکەن، هەڵبەتە ئەمەش لەخۆیدا هەنگاوێکی زۆر گرنگە. بۆیە تەنیا کات حوکم لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی بارودۆخەکان دەکات و مەسەلەکە پەیوەستە بە ئەگەر و نەگەری بەردەوامبوونی لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق لەو بارەیەی کە پێکەوە دانیشـن و کێشـەکان بخەنەڕوو و هەوڵی چارەسەری بۆ بکەن، لەبەرئـەوەی عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشـەی ئاڵۆز بۆتەوە، هەڵبەتە کێشـەکان لەمـاوەی شـەو و ڕۆژێکدا چارەسـەرناکرێن. بەهەرحـاڵ، پێویسـتە نییەتی باش لەنێوان پارتە سیاسـییەکاندا بوونی هەبێت، هاوکات لەگەڵ تێڕوانینێکی ئاقڵانـە لەبارەی شـێوازی سـەیرکردنی بارودۆخەکان. بەم شـێوەیە، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە جۆرە دانپێنانێك هەبێت، بەشـێوەیەك کە کاتێك لایەنە سیاسییەکان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەیەك ڕێکدەکەون، وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هاوکات پێویسـتە بەرژەوەندیی لایەنەکانی دیکە لەبەرچاوبگیرێت، ئەگەر ئەم شـتە ئەنجامـدرا، ئەو کات پێموایە کە بەلایەنی کەمـەوە ئەمە بـە گرنگتریـن هەنگاو دەژمێردرێت و کە پێویستە هەموو لایەنەکان پیـادەی بکـەن لەپێناو چارەسـەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی عێراق. خۆشبەختانە، لە ڕابردوودا و لە زۆربـەی وڵاتانی دیکەی جیهاندا، کێشـەی زۆر ئاڵۆز و هاوشـێوە چارەسەرکراوە و ئەگەری هەیە لە عێراق-یـش بگاتە چارەسـەرێك، بـەڵام ئەمە پرۆسەیەکە کە پێویسـتیی هەیە بە ئیرادە و متمانـە، لەگەڵ جۆرە تێگەیشـتنێك و هەروەها لەگـەڵ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی پارتە سیاسییەکان بۆئەوەی پێکەوە دانیشن بەرژەوەندییەکان لەبەرچاوبگرن و ڕێککەون. ئەگـەر هات و توانرا ئـەم خاڵانە ئەنجام بدرێت ئـەوکات پێموایە کـە دەرفەتێکی بـاش دەڕەخسـێت کە بەلایەنـی کەمەوە زۆربەی کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر دەکرێن. هەربۆیە، بـەڕای من مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەحەددایانە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە. پێویسـتە لەسـەر هەموو پـارت و لایەنە جیاوازەکانـی عێراق، بە کورد و بە عەرەب و بە سوننە و بە شـیعە، تەنانەت پارت و لایەنە عەلمانی و ئیتنی و ئایینییەکانیش، پێویسـتە هەموویان پێکەوە دانیشن و ئەم کۆمەڵە کێشـە و گرفتە ئاڵۆزە بخەنەڕوو و کاربکەن لەپێناو چارەسەرکردنیان. ئەگەر نـا، ئـەوە بەپێچەوانەوە دەبێتـە هێمایەك لەبارەی بەردەوامبوونی گرژی و ناکۆکی و هەڵاسانی بارودۆخەکە و هاوکات سوود بـە هیچ لایەنێك ناگەیەنێـت لە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و لەکۆتاییدا بۆ هەموو لایەنێك ئاکامی خراپی لـێ دەکەوێتەوە. هەربۆیە پێویسـتە لەسەر هەموو لایەنەکان پێکەوە دانیشن و بەشـێوەیەکی ئاشتییانە بگەنە ڕێککەوتنێکی لۆژیك و سوودبەخش لەبـارەی چارەسـەرکردنی کێشـەکان کە سوودی بۆ هەموو لایەنێك هەبێت.

**پێشبینی دەکەم کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی هەر بمێنێت**

**گـوڵان:** ئەمـڕۆ گەورەتریـن تەحەددا کە ڕووبـەڕووی پێکهێنانـی حکومەتی عێراقی دەبێتەوە، بریتییە لە دابەشـکردنی وەزارەتەکان لەنێو لایەنە بەشداربووەکان. ئایا بەڕای تۆ «مالیکی» لەتوانایدا دەبێت لەو سەقفە کاتییەی کە بریتییە لە «٣٠» ڕۆژ حکومەت پێکبهێنێت؟

**ئەدمۆنـد غەریـب:** هەڵبەتە پێشـبینی دەکرێـت کارەکان بەشـێوەیەکی نـەرم و نیـان بەڕێوەنەچێت و هاوکات هەمیشـە هیوایەك هەیە بۆئەوەی بەشـێوەیەکی ڕێك و دروسـت ئەنجام بدرێـت. کەمێك بەر لە ئێسـتا باسـمان لە تەحـەدداکان کرد کە ئەگەریـان هەیە ڕووبـەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و حکومەتی ناوەندی عێراق و پارتە سیاسییەکان بێتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو تەحەددایانە. ئەمانە پرسی زۆر گرنگ و هەسـتیارن، لەبارەی چۆنیەتی دابەشـکردنی وەزارەتەکان و کورسییەکانی کابینەی حکومـەت، کام وەزارەت بدرێت بەکێ و چۆنیەتی دابەشـکردنی وەزارەتە سەرەکییەکان بەتایبەتی وەزارەتە پێوەندارەکان بـە وەزە و نـەوت و سیاسـەتی دەرەوە و وەزارەتی ناوخـۆ و وەزارەتـی بەرگری، ئەمانە هەموویان پرسی زۆر گرنگن، ئایا چۆن دابەشـبکرێن و چـی بدرێت بەکێ. بەڵام لەهەمان کاتیشـدا پێویسـتە ڕێزێك هەبێـت بۆ ئارەزووەکانـی گەلی عێراقی کـە لـە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیـان داوە، لەبەرئەوەی هەروەك ئاشـکرایە خەڵك زیاتر خوازیارن نوێنەرایەتییەك بێتەکایەوە دووربێت لـە محاصصـەی تائیفی. بـەڕای من ئەمڕۆ هاووڵاتیان تێگەیشـتوونە لەبارەی بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییە نیشـتمانییەکان و دانانـی لەسـەرووی بەرژەوەندییـە تایفەگەرییەکان. ئەگەر بێت و سـەرکردە سیاسـییەکان ئەو شـتە لەبەرچاوبگرن، ئـەوکات پێموایـە بـە هەنگاوێکی زۆر گرنگ دادەنرێت. کێشەیەکی دیکە هەیە، «عەللاوی» سـەرۆك وەزیرانی پێشـوو و سـەرکردەی لیسـتی «عێراقیە» ئەو کێشـەیەی لا درووست بووە کە هەندێ لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکان لەبەرچاو نەگیراوە، یەکێکیش لە کێشەکان بریتییە لە جۆری ئەو دەسـەڵاتانەی کە بە ئەنجومەنی سیاسی دەبەخشرێت، ئایا دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتێکی جێبەجێکاریی دەبێت، هەروەك



**هێشتا تەحەددای گەورەتر لە ئاسۆدایە و پێشبینی دەکەم لە داهاتوودا کورد بە ساتگەلێکی سەخت تێپەڕێت**

کە ڕێککەوتنی لەسـەر ئەنجامدراوە؟ یان دەسەڵاتێکی سەرپەرشتیاریی دەبێت لەسەر دامودەزگا جیاوازەکانی پۆلیس و ئاسایشی وڵاتەکە؟ ئایا وەك دەزگایەکی ئاسـایش و هەواڵگری دەتوانێت ببێتە خاوەن متمانەیی و ئەو بەرپرسیارەتییە لەبەرامبەر خەڵك؟ جگە لەچەندین پرسـیاری دیکە. بەڵام هاوکات پێویستە سەرۆك وەزیران دەسەڵاتی هەبێت بۆئەوەی بتوانێت پاپەندەکانی جێبەجێبکات و ڕۆڵەکەی ئەنجـام بدات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستە سەرپەرشتی و چاودێریی لەسـەر هەبێت لەبەرامبـەر ڕەفتارەکانی، بەشـێوەیەك کە پێویستە لەبەردەم پەرلەمان و خەڵك بەرپرسـیار بێت، ئەمەش لەخۆیدا

خاڵێکی دیکـــەی زۆر گرنگە. هەر بۆیە، دەبینین هێشتا کێشەی ئاڵۆزی دیکە هەیە و کە ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی حکومەت بێتەوە، هەروەك کە پێشـــتریش ئاماژەم پێدا خۆشـــبەختانە من لەو بڕوایەدام کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەم ئەزموونە فێربوونە و ئێســـتاش مەســـەلەکە پەیوەستە بە کات و پێویســـتە چـــاوەڕوان بیـــن بزانین چی ڕوودەدات.

**گـــوڵان:** بەڵام ئەگەر هات و «مالیکی» لەمـــاوەی ئەو ٣٠ ڕۆژەدا شکســـتی هێنا لە پێکهێنانی حکومـــەت، ئایا پێتوایە کە عێراق ســـەرلەنوێ بگەڕێتـــەوە بۆ خاڵی قەیرانی سیاسی؟



**ئەدمۆنـــد غەریب:** بەڕای مـــن قەیرانی سیاسی پێشـــوەختە بوونی هەیە و هێشتا کۆتایـــی نەهاتووە، لەوانەیە شـــێوازێکی جیـــاواز بێت لە قەیرانی سیاســـی، بەڵام ئەویش هـــەر قەیرانە. بڕوانـــن بارودۆخی کەمینە ئایینییەکانی عێراق چۆنە و چییان بەســـەر هاتووە، ئەو گرووپانـــە بریتین لە پێکهاتە دێرینەکانی عێراق و بێ بەرگری ماونەتـــەوە و زۆر بـــە توندی هێرشـــیان بەســـەردا دەکرێت، تەنانەت گەر سابیئە بن یان کرســـتیان یان یەزیدی یان شەبەك...و تاد. چەندین کەمینـــە و گرووپی جیاواز هەنە و زۆر بە توندی هێرشـــیان بەسەردا دەکرێت. کێشـــەکە هەمووی پەیوەستە بە ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری، ئەمڕۆ ئەو گرووپانە لەناو ماڵ و لەسەر زەوی خۆیان هەست بە ئارامی ناکەن. هەربۆیە، ئەمانە هەموویان کێشـــە و پرســـی زۆر گرنگن و ئەرك و بەرپرســـیارەتی حکومەتی ئێستایە و هەروەهـــا حکومەتەکانی پێشـــووتریش لەبەرئەوەی ئەم کەشوهەوایەیان خوڵقاندووە و بەشێوەیەکی کاریگەر مامەڵەیان لەگەڵدا نەکردووە. بەم شـــێوەیەش، پێموایە کە ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە و یەکێکە لە تەحەددا هەرەگرنگـــەکان، لەبەرئەوەی لە ناوەڕۆکدا ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە لە مێژووی عێراقدا کارئەکتەری زۆر گرنگ و سەرەکی بوونە و ئەمڕۆ کە بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێـــت، لەئاکامدا هەمـــوو عێراقییەکان دەدۆڕێن.

**گوڵان:** ئەمڕۆ ئەو شتەی کە عێراقییەکان بەدەســـتیەوە دەناڵێنن، بریتییە لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان. حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دەبێـــت. ئایا بەڕای تۆ حکومەتی داهاتوو تا چەند پێـــی دەکرێـــت خزمەتگوزارییە گشـــتییەکان لەســـەر ئاســـتی لۆکاڵ بۆ هاووڵاتیان دابین بکات؟

**ئەدمۆنـــد غەریب:** ئەمـــە ئاواتی هەموو هاووڵاتییەکی عێراقییە. هەموو هاووڵاتیان لەسەرتاسەری عێراق چاوەڕوانی ئەم شتە دەکەن کە ئاسایشـــی زیاتـــر بەرقەراربێت لەگـــەڵ دابینکردنـــی خزمەتگوزاریـــە ســـەرەکییەکان، تەنانـــەت گـــەر لەبواری تەزوی کارەبا بێت یـــان ئاو یان چاودێری تەندروســـتی، لەگەڵ هەموو پێویســـتییە سەرەکییەکان، وەك دامەزراندن و ڕەخساندنی هەلـــی کار کە ئەمەش لایەنێکی زۆر زۆر گرنگە لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆش ڕێژەی بێکاری لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە لە عێراق. ئەمـــڕۆ هاووڵاتیانی عێـــراق ڕووبەڕووی تەحەددای گەورە بوونەتەوە و پێویســـتییان بە حکومەتێکە کە توانســـتی حوکمڕانیی تێدا هەبێت، حکومەتێك کە بەشـــێوەیەکی ڕەوا و یەکســـان و عادیلانـــە حوکمڕانـــی بکات و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان لەبەرچاو بگرێـــت. پێویســـتە حکومەتـــی داهاتوو ئامـــادەکاری و پلانی نـــوێ دابڕێژێت و حکومەتێك بخوڵقێنێت کە لەتوانایدا هەبێت ڕۆڵێکی عادیلانە و هاوسەنگ بگێڕێت و بەشـــێوەیەکی ڕەوا و یەکسان حوکم بکات، ئـــەوکات حکومەتەکە دەبێت بە حکومەتی هەمـــوو عێراقییەکان نەك تەنیا حکومەتی لایەنێکی دیاریکراو یان گرووپێك. بەڕای من پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە هەموو گـــرووپ و ئیتنی و ئایینە جیاوازەکانیەوە ســـەلماندیان کە بەتوانان و خەڵکێکی ژیر و لۆژیکن و وێڕای بارودۆخە ســـەختەکان دەتوانـــن دەربازبـــن و دەســـت بکـــەن بە بونیادنانـــەوە، بـــەڵام تەنیـــا ئەوەندەیە کە پێویســـتییان بە دەرفەتێـــك هەیە و ئەگەر ئەم حکومەتە دەرفەتیان پێ ببەخشێت، من لەوە دڵنیام کە هاووڵاتیانی عێراق دەتوانن وڵاتەکەیـــان بونیاد بنێن و بەرەو پێشـــەوە بڕۆن.

**گوڵان:** دواپرســـیار، پاش چارەسەرکردنی قەیرانەکـــە لە عێراق و ئەگەر «مالیکی» ســـەرکەوتوو بوو لە پێکهێنانی حکومەت، ئایا دەتوانین بڵێین عێراق بەرەو ئاڕاستەکانی ئاشـــتی و ســـەقامگیری هەنگاو دەنێت؟ بەواتایەکی تر، ئایا تۆ تاچەند گەشبینی بە داهاتووی عێراق؟ ئایا پێتوایە کە حکومەتی داهاتوو لەتوانایدا هەبێت ســـەقامگیری بۆ هاووڵاتیانی عێراق دابین بکات؟

**ئەدمۆنـــد غەریب:** هەر ئێســـتا بەخۆتان ئاماژەتـــان پێـــدا، کاتێك کە ســـەرکەوتوو بوون لـــە پێکهێنانی حکومـــەت ئەوکات حکومەتێکـــی کارا و ئەکتیڤ دێتەکایەوە و پاشـــان ئـــەو حکومەتـــە دەبێتە مایەی متمانە لای هاووڵاتیـــان و خاوەن ئەرك و بەرپرسیارەتی لە نوێنەرایەتی و لەئاکامیشدا دەگەڕێت بەدوای ئاشـــتەوایی نیشتمانی و لەکۆتاییشدا ســـەرکەوتوو دەبێت. بەڵام تەنانەت گەر خاوەن باشـــترین حکومەتیش بن، ئەوە هەرگیز بەو ئاسانییە ناتوانن کێشە و گرفتەکانـــی عێراق چارەســـەربکەن کە ماوەی دەیان ساڵە لە وڵاتەکەدا خوڵقێنراوە و چەسپاوە. ئەم پرۆســـەیە لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا وەدی نایەت. بەڵام پێکهێنانی حکومەت یەکێکە لە ئەرك و بەرپرسیارەتییە ســـەرەکییەکان و هـــاوکات هەنگاونانـــە بـــەرەو پێشـــەوە، بـــەرەو ئاڕاســـتەکانی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی هەموو هاووڵاتییـــەکان و لەگـــەڵ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ڕۆژانە کە ڕووبەڕووی عێراقییەکان دەبێتەوە. بەڵام هەروەك کە باســـمکرد، کێشەکان ئەگەری چارەسەریان هەیە، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکە کە بەو ئاسانییە ئەنجام نادرێت و لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا وەدی نایەت.

**پێویستە سەرۆک وەزیران دەسەڵاتی هەبێت و هاوکات سەرپەرشتی و چاودێریشی لەسەر هەبێت**

**بەڕای من قەیرانی سیاسی پێشوەختە بوونی هەیە و هێشتا کۆتایی نەهاتووە**

**ئەمڕۆ هاووڵاتیانی عێراق پێویستییان بە حکومەتێکە کە توانستی حوکمڕانیی تێدا هەبێت**

# نەتەوەیەکگرتووەکان، مادەی ١٤٠ی دەستوور



پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

٢-٢

بێگومان ئەوهەلومەرج و بارودۆخەی بەهۆیەوە بەرپرسانی (UN) بۆ بڕیارو کارەکان دەجوولێنێ، پێش هەموویان ئەمینداری گشتی ئەو ڕێکخراوە، کە ڕۆڵی خۆی هەبووە لە دەرکەوتنی ئەو ئەنجامانەی لە ڕێی کارو چالاکییەکانی سەرزەمین و واقیعەوە بە دیار دەکەوتن.

نوێنەری پێشووی ئەمینداری گشتی Un کە بەڕێز (دی مستۆرە) بوو، لەلایەن ئەو جەمسەرانەی پەیوەندییان بە ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە هەیە، بەرەنگاربوونەوەی نائاسایی تووش دەهات هەر لەو کاتەوەی ئەم بەرێزە پێی خستە سەر خاکی عێراق تا کۆتایی هاتن بە ئەرکەکانی و دامەزرانی وەك نوێنەری ئەمینداری گشتی Un لە ئەفغانستان، سەرەڕای سووربوونی ئەو لایەن و جەمسەرانەش لەسەر هاریکاری کردنی،چ بە خۆزیاری ورەزامەندی خۆیان بوویێت، یان لەناچاریدا! چونکە دی مستورە بەرزترین ئەنجومەنێکی نێودەوڵەتی بوو،کە لەڕووی یاساییەوە لەناو عێراقدا دەسەڵات و دەسترۆیشتوویی خۆی هەبوو بەپێی بەندی حەوتەمی تایبەت بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەیتوانی دەسەڵاتەکانی بە کار بهێنێ. بەپاڵ ڕووداوە گرگرتووەکانی عێراقەوە و لەگەڵ هەڵایسانی کردەوە تیرۆریستییەکان کە لە بەراییدا کردەوەیەکیان بووە هۆی کۆتایی هێنان بە ژیانی ئەمینداری گشتی پێشووتری UN لە بەغدا. هەروەها لە بەر ڕۆشنایی ئەو حاڵەتانە، پێویستە لە هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕۆڵی UN ئەرکی سەرشانی (دی مستۆرە) بەرز بنرخێنین، بەتایبەت هاتووچوونی بەرێزیان لە پێناوی چارەسەری کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەمان ئەو هاتوچوونەی شاندی «لیژنەی کۆمەڵەی گەلان» ی ساڵی ١٩٢٤ دێنێتەوە یادمان کەلەسەر «زەوی و زارە ناکۆکی لەسەرەکان» مەبەستمان لە ویلایەتی موسڵە، بە ئامانجی چارەسەرێك بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشانەی نێوان هەردوو حکومەتی بەریتانی و تورکی ئەو کات بۆ ئەو ویلایەتە ئەو لیژنەیە دامەزرابوو. ڕووبەری ئەو شانۆیەی دی مستۆرە لەسەری دەجووڵایەوە بەرفراوان و تۆزی بوو بە ڕووداوو پێشهات، هەروەها ئەکتەرەکانیش، فرە ئامانج و ئاراستە بوون، چ لەسەر ئاستی دین و مەزهەبی یان لەسەر ئاستی ئەتنی، شارەکانی هەولێرو کەرکوك و سلێمانی و موسڵ و لە پاڵیشیاندا بەغدا، چەندین وێستگەی سەردانەکانی وی بوون، هەروەها چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ توێژە جیاوازە فەرمی و نافەرمییەکانی دەوروبەر بە کەسایەتی میللی و ئەکادیمییانەوە..لەو ڕووبەرەدا کۆدەبوونەوە، شەرەفی بانگهێشتی یەکێك لەو چاوپێکەوتنانەم بۆ ئامادەبوون پێ بەخشرا چ لە ناوچەی سەوزی بەغدا یان لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری هەولێر لە نێوان (نیسان- تەمووز)ی ساڵی ٢٠٠٨ زایینی، لەوێ دی مستۆرە پێداگیری دەکرد و بە ئارامییەوە گوێی ڕادەدێراو بە جدیەتەوە گفتوگۆی لەگەڵ هەمووان دەکرد، هەموو ئەو جیاوازییە فراوانەی نێوان هۆز و تیرە و توێژەکانی لەبەرچاو دەگرت و لەلایەکی تریشەوە فشارە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانیشی لەپێش چاو بوو.

دی مستۆرە عێراقی جێنەهێشت و نەچووە ئەفغانستان تا جێ پەنجەی خۆی لەسەر ئامانجەکانی ئەم ماندووبوونەی جێ نەهێشت، لەو ڕاپۆرتەیدا کە بەناوی خۆیەوە ناسراوە، لەلایەن هەموو لایەن و جەمسەرەکانی تایبەت بە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان گفتوگۆی لەسەر کراوە و لە پێشی هەمووشیانەوە سەرکردایەتییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقی پێوەندیدار بەو مەسلەیەوە

وێرای ئاماژەدانی بەردەوامیان بە ڕاپۆرتەکەی (دی مستۆرە) و سەرنجەکانی بەرپرسانی هەرێم لەسەریان، بەڵام هەندێ ڕەگەز و خاڵی ئەرێنی تێدایە، باشترە لێرەدا ڕوونیان بکەینەوە:

١- لە ڕاپۆرتەکەدا یەکەکانی بەڕێوەبردن دەستنیشان کراون کە بە تێڕوانینی دی مستۆرە ناوچەکانی جێی ناکۆکین و ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە، ئەمەش بۆ یەکەمینجار بە فەرمی ناویان هات، چونکە ئەم دە ستنیشانکردنە لە مادەی ٥٨ی یاسای بەڕێوە بردنی کاتی دەوڵەتی عێراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دەرچووە باس نەکراوە، تەنانەت لە مادەی ١٤٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یش ئاماژەیان پێ نەدراون، ئەمە بە واتای، ڕاپۆرتی دی مستۆرە توانیویەتی بەربەستێکی گەورە هەڵگرێ لەو بەربەستانەی کە جێی گفتوگۆ و شەنگەبێژی درێژخایەنی لایەنەکان بووە و پێوەندی بە جوگرافیای ناوچەکانی جێی ناکۆکییەوەن.

٢- هاتنە ژوورەوەی UN بۆ سەر هێڵی گفتوگۆی نێوان لایەنە پێوەندارەکانی کە ئەرکی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)یان لە ئەستۆدایە، دانانی ڕاپۆرتێك بەم قەبارە و گرنگیدانە، بێگومان دانپیانانێکی ڕوونە لەسەر ڕەوایەتی داواکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر ناوچەکانی جێی ناکۆکی..بەمەش گۆڕانێکی

ئەرێنی بەو بابەتە دراوە و، ئەو ماددەیە جگە لە بایەخە دەستوورییەکەی رەهەندی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت.

٣- راپۆرتەکە بەبێ دوو دڵی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو زوڵم و زۆرەی لەگەڵی کورد کراوە لە کوردستانی عێراقدا، بەتایبەت لە ناوچەکانی جێی ناکۆکی لەسەر، ئەمەش لە ئاکامی سیاسەتی بە عارەب کردن، چ لە رێی کردەوەکانی ئەنفال، یان هەڵمەتەکانی کۆچپێکردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییو پاکتاوی رەگەزی. ئیعترافێکی راستەوخۆیە بە بوونی کورد لەو ناوچانەدا بە شێوازێ واقیعی بوونی کوردان لەو شوێنانە پاڵی ناوە بە حکومەتەکانی پێشوو تا پلان و بەرنامەی ستراتیژی دابڕێژن بۆ لەناوبردن و دەرپەڕاندنی بوونی کورد بۆ خاتری بەرژەوەندی پێکهاتەکانی تری ناوچەکە..

**پوختە و کۆی سەرنجەکانمان لەسەر راپۆرتەکە بەم شێوەیەیە:**

١- ئەو رێکەوتنە سیاسیانەی لە زۆر شوێنی راپۆرتەکەدا هاتووە لە دەروازەی بێ توانایی و نەتوانینی گەیشتنە چارەیەکی دادوەرانەیە کە پشت بە بەڵگەنامەکانی واقیعی بوونی سەر زەوین ببەستێ.

٢- خۆ لە گێلی دانی راپۆرتەکە لەسەر ئاکامە خراپەکانی دیموگرافی کە پێشتر بەهۆی سیاسەتی بە عارەبکردنەوە ناوچەکانی جێی ناکۆکی لەسەرەکانی شێواندووە، وێڕای ئیعتراف کردن بە ئاماژە و قۆناغ و رەهەندەکانیشی.

٣- راپۆرتەکە لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە کاتێ لەو بڕوایەدابووە زۆربەی کوردی فەیلی حەز بە چوونە پاڵ حکومەتی هەرێم ناکەن، لەکاتێکدا فەیلیەکان بەشێکی رەسەن لەناو گەلی کوردا پێك دەهێنن، وەك تیرە و هۆزەکانی تری ئەم گەلە رووبەڕووی راگواستن و کۆچپێکردنی زۆرە ملی و توانەوەی ئەتنی بوونەتەوە وەك لە راپۆرتەکەشدا زیاتر لە جێگەیەك لەسەر ئەم زوڵمەی لێیان کراوە دەدوێت..

٤- ئەو پێشنیازانەی راپۆرتەکە لەسەر داهاتووی کەرکوك پێشکەشی کردووە تاك جەمسەرانەیە، خۆ لە گێلدانێکی تێدایە سەبارەت بەو پەرت بوون و دابەشکردنەی لەیەکە ئیدارییەکانی ئەو شارەدا روویان داوە کە بوونەتە هۆی گۆڕینی دیموگرافی دانیشتووان بەهۆی هەڵمەتەکانی راگواستن و ئەنفال و ئامرازەکانی تری پاکتاوکردنی رەگەزی هەر لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە تا رووخانی رژێم، لەو پێشنیازانەدا ئەم چارەسازانەی هاتووە، بەستنەوەی پارێزگای کەرکوك بە حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستانیش لەیەك کاتدا، یان خودموختاری پێبدرێت، مانەوەی وەك پارێزگایەك و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتەکانی، هەروەها راپۆرتەکە ٥ تا ٧ ساڵی دەستنیشان کردووە وەك قۆناغێکی راگوزاری بۆ گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی!

دواتر دی مستۆرە رێگەی خۆی گرت و رۆیشت، دی میلگرت ئەم ئەرکەی ئەوی لە ئەستۆ گرت، بەڵام ئەم بەپێچەوانەی دی مستۆرەوە،دی میلگرت کەسێکی خاوو خلیچیك بوو لەکارەکانیدا! بەرپرسیارێتییەکانی خۆی دابەش کردبوو. لە یەکەمین سەردانیدا بۆ شاری هەولێر چاوی کەوت بە ژمارەیەکی دیاریکراو و لەو کەسایەتیانەی پەیوەندیدار بوون بە ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان، منیش یەکێکیان بووم بەڵام لەو چاوپێکەوتنەدا دانیشتنەکە لە بازنەی موجامەلات دەرنەچووە دەرێ!

ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەو جیاوازییەی لەنێوان خۆی و دی مستۆرەدا هەیبوو کە لە ساردوسڕی خۆی دەبینیەوە کاتێ دی میلیگرت مامەڵەی لەگەڵ گرفتەکەدا دەکرد بێموبالات بوو !

ئەم دیمەنە پڕ خەوش و چافرینانە لە چالاکی و بزاوی نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی UN دا دەبینرانەوە، بەشێوەیەکی کراوە بنمیچ و وادەی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هێشتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ نارازی بوونێ لەلایەن جەمسەرەکانی پەیوەندیدار بەم کێشەیە یان لەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوە بخرێتە روو. کەچی پێشتر بەرپرسانی هەرێم بە توندی نارازی بوونی خۆیان لەسەر پێشنیازی درێژبوونەوەی وادەی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی مادەکە دەردەبڕی، کاتێ دی مستۆرە بۆ شەش مانگ درێژەی کردەوە، پەرلەمانی کوردستانیش دواتر رازی بوو لەسەر ئەو پێشنیازە! بەم شێوەیە گرفتی ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان کەوتە ناو تونێلێکی تاریکەوە، هەندێ بانگهێشتی ئێرەو ئەوێی لێ دەربچێت کە داوای گۆڕین یان راستکردنەوەی هەندێ بڕگەیان دەکرد، لەلایەکی ترەوە کەسانێ هەبوون زوورنای بەسەرچوونی مادەکەیان لێ دەدا، نوێنەری ئەمینداری گشتی UN (دی میلگیرت) هەموو بایەخدانی خۆی خستبووە سەر وردەکارییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئازاری پارساڵ و زیاتر گرنگی بە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە دەدا و بایەخی کەمتری بە جێبەجێبوونی مادەی ١٤٠ دەدا، کێشەی ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکانی لە کارە پێشەنگەکانی خۆی دەرهێنابوون، راپۆرتەکەی دی مستۆرەشی فەرامۆش کردبوو، لەبیری خۆی کردبووە دەرەوە!! لە پێناوی سەرلەنوێ گێڕانەوەی ژیان بۆ مەسەلەی ناوچە جێ ناکۆکی لەسەرەکان و ئەکتیڤکردنی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، لایەنی کوردی لە رێی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیەوە پێداگیرییان کرد لەسەر پێویستی دەستگرتن بە ماددە دەستورییەکان و هەروەها گرنگی زیاتریان دا بە ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان لە کات و ساتی خۆیدا، ئەمەش لە دوو توێی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی ئازاری پارساڵیان کرد و کە پێکهاتبوو لە ١٩ بەند، هەمووی پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و داواکاریەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیەوە هەبوون.

بەڵام رێڕەوەکانی رووداوە سیاسییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر زەمینەی واقیع لە عێراق روویاندا ئاماژە دەدەن بەوەی سەرژمێری دانیشتووان دیسانەوە دوا دەخرێتەوە و ماددەی ١٤٠ هەر لەزمنی وادەو بنمیچی زەمەنی کراوەدا دەمێنێتەوە، پرۆژەکەی دی مەستۆرەش بەسەر رەفەکانەوە هەڵگیراوەو بە ئومێدی ئەوەی رووداوەکان فەرزی بکەنەوە و سەرلەنوێ بۆ چارەسەری ناوچەکانی جێی ناکۆکی، هەموو لایەنەکان بگەڕێنەوە لای ئەو پرۆژە و پێشنیاز و راپۆرتە گرنگەی بەرێزیان..



بوڵەند ئارنچ، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ گوڵان:


# ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە لە جیهاندا نموونەی نییە




گوڵان
ژمارە (٨٠٦)
٢٠١٠/١١/٢٢



بەڕێز بوڵەند ئارنچ جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەو داوایەی ڕەتنەکردەوە کە گۆڤاری گوڵان بۆ دیمانەیەکی تایبەت پێشکەشی کردبوو، هەر بۆیە ئەمجارەیان پەیامنێرانی گـوڵان روویـان لە ئەنکـەرا کرد و لە نێو کۆشکی سـەرۆکایەتی وەزیرانی تورکیادا، جێگری سـەرۆک وەزیرانی تورکیایان بۆ خوێنەرانی گـوڵان هێنایە ئاخاوتـن، لەم دیمانـە تایبەتەدا ئامانجمـان ئـەوە بـوو راسـتەوخۆ و لەسـەر زاری یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی داد و گەشەپێدانەوە (AKP) هۆکاری ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی تورکیا و دەسـپێکی سیاسـەتی کرانەوە و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسـەری ئاشتیانەی کێشـەی کورد لە تورکیا و ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردسـتان و دەوڵەتی تورکیا باس بکەین، بەسوپاسەوە جەنابی جێگری سەرۆک وەزیرانـی تورکیا ماوەی ٥٠ خولەکی بۆ وەڵامدانەوەی پرسـیارەکانی گـوڵان تـەرخانکـرد و بەراشـکاوی وەڵامـی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمـەش دەقی دیمانە تایبەتەکـەی بەڕێـز بوڵەنـد ئارنچ جێگری سـەرۆک وەزیرانـی تورکیایـە لەگـەڵ گۆڤاری گوڵاندا.



# بوڵەند ئارنج جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەچەند دێڕێکدا

بوڵەند ئارنج یەکێکە لە سێ ئایدیۆلۆگەکەی AKP، لەناو پارتەکەی لەدوای رەجەب تەیب ئەردۆغان، کەسی هەرە کاریگەرە. ئەو بۆ ئەندام و کادیر و هەوادارانی AKP، هێزێکی زیاتر مەعنەویە. ئەو بەرپرس بێ یان نا، سەنگی خۆی هەبووەو دەبێت. کاتێ بۆ ئەنجامدانی ئەو دیمانەیە گەیشتینە شوێنی تایبەتی، ئەو لەناو کۆشکی سەرۆکایەتی وەزیرانی تورکیا، بە زەردەخەنەیەکی ئاساییانە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وتی (بەخێربێن). سەبارەت بە کەسایەتی ئەو سیاسەتمەدارە موحافیزە، هاووڵاتیانی تورکیا زۆر مشت و مڕ دەکەن، قسەکانی ئەو گفتوگۆی بەرفراوانیان لێ دەکەوێتەوە. ژمارەی ئەو کەسانەی بوڵەند ئارنج وەکو سەمبۆلی نوێ بوونەوەی کۆماری تورکیا دەبینن، هێجگار زۆرە. بەڵام ژمارەی رکابەرەکانیشی کەم نییە. هەندێک پێیانوایە ئەو پیاوە سپییە و هەندێکی تر بە رەش لە قەڵەمی دەدەن. بەڵام ئەو پیاوە زیاتر فرە رەنگە، هۆکاری فرە رەنگیەکەشی لە روانگەیەکی سەردەمیانە سیاسەت بەرهەم دێنێ. لەمانە هەموویان گرنگتر بوڵەند ئارنج پێیوایە ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لە دژی کورد پەیڕەو کراوە، نموونەی لەمێژووی نوێی مرۆڤایەتی نییە.

ئەوەی زیاتر سەرنجی راکێشاین، ئەو کارمەندانەبوون کە لای بوڵەند ئارنج لەناو سەرۆکایەتی وەزیرانی تورکیا کاردەکەن، بەشێکی زۆریان کوردبوون. زۆربەشیان دەرچووی کۆلێژی راگەیاندن بوون.

بڵند ئارنچ کە ئێستا جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیایە لە ساڵی ١٩٤٨ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی ئەنکەرا وەرگرتووە و دوای ئەوە وەک پارێزەرێکی فریلانس لە شاری مەنسیا کاری پارێزەری کردووە و هەرلەو ساڵەشەوە تێکەڵاوی سیاسەت بووە و لەساڵی ١٩٩٥ وەک ئەندامێکی پارتی رەفاهی ئیسلامی و نوێنەری شاری مانسیا بۆتە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، دوای داخستنی پارتی رەفاهی تورکی لەساڵی ١٩٩٨، پێوەندی کردووە بە پارتی فەزیلەی تورکی و لە ساڵی ١٩٩٩ جارێکی دیکە وەک ئەندامێکی پارتی فەزیلە و نوێنەری شاری مانسیا بۆتەوە بە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و لە ناو پەرلەمانیش بۆتە ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوە،بەڵام دادگای دەستووری تورکیا لە ساڵی ٢٠٠١ پارتی فەزیلەشی داخست،بۆیە لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی ئێستای تورکیا، پارتی داد و گەشەپێدانیان ( AKP) دامەزراند و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ جارێکی دیکە وەک ئەندامی پارتی دادپەروەری و گەشەپێدان و نوێنەری شاری مەنسیا بۆتەوە ئەندام پەرلەمان و هەڵبژێراوە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا و لەساڵی ٢٠٠٩ شەوە لەگەڵ جەمیل چەچیک بۆتە جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا و ئێستا لە کاری خۆی بەردەوامە.



گوڵان. کۆشکی سەرۆکایەتی وەزیران . ئەنکەرا

**گوڵان:** هێشتا ١٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی AKP، تێپەڕ نەبووە. سەرەڕای ئەو مێژووە کورتەش دەستکەوتەکان زۆر زۆرە. نهێنی ئەو سەرکەوتنە خێرایەی AKP چییە؟

**بولەند ئارنــچ:** AKP، لە ١٤ ئابی ٢٠٠١ دامەزرا. واتە ٩ ساڵ بەسەر دامەزراندنی تێپەڕیـــوە. لـــە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ، هاووڵاتیان بە گەرمی پێشـــوازی لێدەکـــەن. لە هەڵبژاردنـــی کۆتاییەکانی ســـاڵی ٢٠٠٢ تەمەنی پارتیمان ســـاڵ و نیوێك بوو کە هێشـــتا پارتێکی زۆر گەنج بووین، زۆرترین دەنگمان بەدەســـت هێناو، بەتەنیا بووینە دەســـەڵات. لەو ٩ ساڵەی تەمەنماندا لە دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی ســـەرکەوتوو بوویـــن، هەروەهـــا لـــەدوو هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرایەتیە هەرێمیەکان و لە دوو ڕاپرسی زۆرترین دەنگمان بەدەست هێناوەو لە پێش هەموو پارتە سیاسیەکانی تر بووین. پەیوەست بەو سەرکەوتنانە سەرەتا ســـوپاس بۆ پشـــتگیری خودای گەورەو، هەروەها سوپاســـی گەلەکەمان دەکەین کە لە پشـــتمان وەستاون و خۆمان بەقەرزاریان دەزانیـــن. ئەمـــڕۆش ئەگـــەر چاوێك بە ئەنجامەکانـــی ڕاپرســـی ١٢ ئەیلـــوول دابخشێنین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی داهاتوو، زۆرترین دەنگ بەدەست دێنین و بەتەنیا بۆ جاری ســـێیەم دەسەڵات دەگرینەوە دەست. ئەمـــەش ســـەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە. AKP ٩ ساڵە دامەزراوە، بەڵام من (بولەند ئارنچ) ٣٤ ســـاڵە بەسیاسەتەوە خەریکم. لەناو ســـێ پارتی سیاسی بەرپرسیاریەتی گرنگم گرتۆتە ئەســـتۆ. لەناو پەرلەمان بەرپرســـیاریەتی ســـەرۆکی فراکسیۆن و ســـەرۆکایەتی پەرلەمانم گرتەئەستۆ. بۆ ئەمەش کاتێك پشت بە ڕابردووی سیاسی خۆم دەبەســـتم، دەتوانم ســـەرکەوتنەکانی AKP بەمجۆرە هەڵسەنگێنم.

یەکەمیان: ئەو پارتە خاوەن ناسنامەیەکی موحافـــەزەکارو دیموکراتیانەیـــە، خاوەن ناســـنامەیەکە کە لەگـــەڵ ئارەزووەکانی گەلـــی تورکیا دەگونجێت. واتە ئێمە وەکو AKP خۆمـــان لەبەرەی چەپ و ڕاســـت نابینینەوە، بەڵکو خۆمـــان وەکو پارتێکی موحافەزکار و دیموکراتخواز دەناســـێنین. کاتێك باس لە موحافـــەزەکاری دەکەین، بـــەو واتایەی کـــە خاوەنداریەتی لە بەها هاوبەشـــەکانی میللەت دەکەین. لەناو ئەو بەها هاوبەشانە، باوەڕی، ئەخلاق، کەلتوور، ئایین، زمان و مێژوو هەیە. ئێمە تا دوایی پەیوەســـتین بەو بەهایانەو خاوەنداریەتیان لێدەکەین. چونکە پەیوەستبوون یان ڕێزگرتن بەتەنیا لەو بەهایانە بەس نییە، پێویســـتە خاوەنداریەتیشـــیان لێبکەیـــن. دووەمیان: دیموکراتیبوونە. دیموکراتی وەکو شێوازی هەرەباشـــی ژیان هەڵدەسەنگێنین، پێوانەو ڕێســـا دیموکراتیـــەکان بۆ خۆمـــان وەکو نموونە دەبینیـــن. واتە ئێمـــە لایەنگری دیموکراتیـــن، بەڕێوەبردنـــی گەل خۆی بەخـــۆی، جێبەجێ کردنی داواکانی گەل، فاکتەری دووەمینی سەرکەوتنمانە. پێموایە ناســـنامەی موحافەزەکار و دیموکراتی، ناسنامەیەکە کە خەڵکی تورکیا چاوەڕێیان دەکرد و خۆشیان دەوێت. بۆ ئەمەش هەموو کاتێك بۆ پشتگیری لەسەرکەوتنی AKP دەکەن. هۆکارێکی تری سەرکەوتنمان، لەوە بەرجەســـتە دەبێت کە گوێچکە و چاومان لەناو میللەتە. گوێ بۆ پێشـــنیارەکانیان دەگرین، داواکاریەکانیان جێبەجێ دەکەین. لەمە هەمـــووی گرنگتـــر، لەبەر ئەوەی سیاســـەتێکی خزمەتگوزاریانـــە بەبنەما دەگرین و پێشکەش دەکەین، واتا ئەو پارتیە سیاسیانەی بەر لە AKP لەسەر دەسەڵات بوون، بەر لەوەی بیر لەشتێکی تر بکەنەوە زیاتر بیریان لە بەرژەوەندیی سیاسی خۆیان کردۆتەوە. ئێمە بەرژەوەندی میللەت بەبنەما دەگرین، ئەو خزمەتگوزاریانەی بەساڵانە فەرامـــۆش کـــراوە، جێبەجێـــی دەکەین. لـــەم ڕوانگەیەشـــەوە بەتایبەتی لە بواری تەندروستی و پەروەردە خزمەتی نموونەییمان پێشـــکەش کردووە. هەروەها لە بوارەکانی وزە، گواســـتنەوەش خزمەتـــی باشـــمان داهێنـــاوە. گەلی تورکیـــا بەدرێژایی ٨٧ ساڵەی تەمەنی کۆماری تورکیا، باشترین و چۆنایەتی ترین خزمەتی لەســـەردەمی دەســـەڵاتداری AKP بینـــی. لەبەرامبەر ئـــەو گۆڕانکاریانەی لـــە ژیانی ڕۆژانە بەدەســـتی دێنن، گرنگی بە AKP دەدەن. لەمەش زیاتـــر دامەزرێنەرانی AKP لەناو خەڵك خۆشەویستن، واتە ئەوانە بە کەسی ڕاســـتگۆ، داوێن پاك و وەکو کەســـانێکی هەڵقـــوڵاوی ناو ئـــەوان هەژمار کرد. بۆ ئەمـــە دامەزرێنەرانی AKP تەنیا پارتیان دامەزراند، بەڵام میللـــەت خاوەنداریەتی لەهەموو شتەکان کرد. بەو تایبەتمەندیانەوە بەمڕۆ درێژە بەو ئاراســـتەیە دەدەین. بەو خزمەتەی ئاراستەی گەلەکەمانی دەکەین زۆر سەرفرازین و تا دواییش بە داواکاری و دوارۆژی ئەو میللەتە پەیوەست دەبین. ئومێدەواریـــن چـــۆن تا دوێنـــی تورکیا میللەتێکی گەورەبوو، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە دەوڵەتێکی گەورەین و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش ئەمە بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەبێت.

**گوڵان:** دەستەواژەی موحافەزەکار، لەگەڵ ئاراستەی ئەمڕۆی جیهان یەکناگرێتەوە. کاتێـــك AKP جەخـــت لەناســـنامەی موحافـــەزەکاری خۆی دەکاتـــەوە، لەکام ڕوانگەوە هەڵیدەسەنگێنێت؟

**بولەند ئارنچ:** لە پرســـیارەکەی پێش ئەو پرسیارە هەڵوەستەم لەسەر کرد. ئێمە وەکو پارتـــە موحافەزکارەکانی ئەوروپا نین، بۆ نموونە پارتی پارێزگارانی بەریتانیا هەیە، لەهەموو ڕوانگەیەکـــەوە وەکو ئەوان نین، لەســـەرەتاوە بە دڵنیاییی دەڵێم ئێمە ستاتۆ پارێز نین، بەڵکو لە بەرامبەر ســـتاتۆکۆ پارێزی ململانـــێ دەکەین. لەهەمان کات ئێمە لایەنگری گۆڕانکاری و وەچەرخان دەکەین. موحەفەزەکاری ئێمە لەو بەهایانە ســـەرچاوە دەگرێت کـــە گـــەل پێیانەوە پەیوەســـتە. واتە دوژمنداری نەکردن، بێ ڕێـــزی نەکردن لەبەرامبەر ئـــەو بەهایانە. وەکو پێش ئێســـتا ئـــەو بەهایانەم هەژمار کرد، لەناویاندا ئەخـــلاق و باوەڕیی هەیە کـــە نابێـــت نکۆڵیان لێ بکرێ. دیســـان دەزگای خێـــزان بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە، دەبێـــت بیپارێزین. لەوانەیـــە بۆ هەندێکی تر گرنگ نەبێت، هەندێك سیاســـەتمەدار هەیە، گرنگی بەو دەزگایە نادەن کە وەکو کۆڵەکەی کۆمەڵـــگا وایە. بەڵام بۆ ئێمە خێزان گران بەهایەو ڕێزی لێ دەگرین. لەم ڕوانگەیەوە لـــە پێکهاتەی میللەتی تورك موحافەزەکاری جێگای خۆی کردۆتەوە، لەنـــاو گەلانی تورکیا هەرچەندە جیاوازی لە ڕووی ئەتنیکیـــەوە هەبێت، بەڵام هەر هەموویان پەیوەســـتن بە خێزان و باوەڕی. ئێمە لەم ڕوانگەیەوە موحافەزەکارین.

**گـــوڵان:** بێگومان هەندێـــك کەس ولایەن AKP وەکـــو «پارتـــی باڵادەســـت» یان «لۆژیکی باڵادەســـت» هەڵدەسەنگێنێت. ئەم هەڵسەنگاندنە دێتە واتای تاوانبارکردنی

**کاتێک باس لە موحافەزەکاری دەکەین، بەو واتایەی کە خاوەنداریەتی لە بەها هاوبەشەکانی میللەت دەکەین**

**هەڵوێستی مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی زۆر بە ڕاستگۆیانە دەنرخێنین. خوازیارین هەموو شتەکان بە دیالۆگ و دیپلۆماسی تێبپەڕێنین**

**بە کوردانی مەخموریش دەڵێم کە چەندین ساڵە لە خاکەکەیان دوور کەوتوونەتەوە. بگەڕێنەوە وڵاتەکەتان و سەر خاکەکەتان**

پارتەکەتان بە دەستبەسەر داگرتنی دەوڵەت. ئەو بانگەشانە چۆن لێك دەدەنەوە؟

**بولەند ئارنچ:** ئەگەر نیاز لە دەستەواژەی «پارتی باڵادەست» ئەوەیە کە ٩ ساڵە وەکو تاکە پارت لەسەر دەسەڵاتین، ئەوا مایەی نکۆڵیکردن نییە. بەڵام AKP لەناوخۆی حەز لەو سیفەتە ناکات و بەکاری ناهێنێت. ٣٥ ساڵە بەسیاسەتەوە خەریکم. لەناو چەندین پارتی جێمگرتووە. بەڵام AKP بەو ڕێزەی لە میللەتی دەگرێت لەسەرووی هەموویانەوەیە. یەکەمین جارە میللەت پارتیەك و سەرکردایەتیەك دەبینێ باوەشی بۆ بکاتەوە. میللەت بەو خزمەتەی AKP پێشکەشی دەکات زۆر دڵخۆشە. یاسا و هەلومەرجی هەڵبژاردن بۆ هەموو پارتەکان وەکو یەکە. لێرەدا ئەگەر زۆربەی میللەت دەنگی بۆ AKP داوە ڕێزی لێدەگرین. بۆ ئێمە هیچ حوکمێکی تایبەت نییە. هۆکاری سەرکەوتنی ئێمە پەیوەستە بە راستگۆیی و خزمەتکردنی گەل.

بۆ CHP، MHP و BDP هەلومەرجی هەڵبژاردن چی بێت، بۆ AKP هەمان شتە. لەوە زیاتر دەتوانم وەکو ئەندامێکی پارتی دەسەڵات بڵێم، هەر پارتێك کاتێ لەسەر دەسەڵات بێ، شەکەت دەبێ و ئۆپۆزسیۆنیش لەمە هێز بەدەست دێنێ. ئەمە بۆ ئۆپۆزسیۆن دەبێتە زەمینەی یاریکردن. بەڵام ئۆپۆزسیۆنی تورکیا ناتوانێ ئەمە بەکار بێنێ، چونکە AKP، پارتیەکی بەهێزە. واتە (پارتی باڵادەست) لەوە سەرچاوە ناگرێت، لەو کاتەی بە تاقی تەنیا لەسەر دەسەڵاتە هەوڵ دەدات پارتەکانی تر لەناو ببات یان لاوازیان بکات.

**گوڵان:** لەگەڵ دامەزراندنی لەساڵی ٢٠٠١، AKP لەو بۆشایە سیاسیە سوودی وەرگرت کە ئەو کات لەهەموو تورکیا لە ئارادابوو. ئەگەر ئەو بۆشایە سیاسیە نەبوایە AKP وەکو ئەمڕۆ ئەوەندە بەهێز دەبوو؟ بۆ نموونە ئەگەر AKP لەم هەلومەرجە دامەزرابایە، زەمینەی فراوانبوون و بەهێزبوونی ئەوەندە هەبوو؟

**بولەند ئارنچ:** پرسیارێکی جوانە. چونکە کاتێك بەرەو ساڵی ٢٠٠١ دەچووین لەتورکیا سیاسەت ئیفلاسی کردبوو. پارتە سیاسیەکان هیچ سەنگێکی ئەوتۆیان نەمابوو. کوالسیۆنی زۆر بێ هێز لە ئارادابوون. تورکیا بە دوو قەیرانی گەورەی ئابووری تێپەڕ ببوو. خەڵك هاواری دەکرد: «کێ رزگارمان دەکات. کێ هاوکاریمان دەکات. پارتیەکی راستگۆ لەکوێیە. لە کوێنە ئەو سیاسەتمەدارانەی گەندەڵیان نەکردووە؟». AKP لە هەلومەرجێکی بەم شێوەیە دامەزرا. بۆ ئەمەش پرسیارەکە لەجێی خۆی دایە.

ئەگەر AKP لە هەلومەرجی ئەمڕۆ دروستکرابایە، ئایا تابلۆکە جیاوازتر دەبوو. بێگومان ئەمڕۆ چەندین پارتیی سیاسی هەیە کە تازە دامەزراون. ئایا ئەوان دەتوانن لە شوێنی AKP ئەم یاریە بکەن؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زەحمەتە. چونکە AKP هەموو بۆشایەکانی پڕ کردۆتەوە. هیچ بۆشایەکی نەهێشتۆتەوە. بۆیە وا باشە کەس خۆی بۆ ئەمە خۆش نەکات.

**گوڵان:** لە حوزەیرانی داهاتوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا ئەنجام دەدرێت. ئایا پارتیتان ڕێژەی دەنگەکانی و هەمان هێزی جاران دەپارێزێت؟

**بولەند ئارنچ:** پێمانوایە دەتوانین ڕێژەی ٤٧٪ کە لە هەڵبژاردنی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٧ بە دەستمان هێنا بپارێزین. ڕێژەی دەنگەکانی راپرسی نابێتە پێوانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی. چونکە لەناو راپرسی هۆکاری تر هەیە کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی دەنگدەران دەبێت. لەهەمان کات ئەو راپرسیانەی ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێن نیشانی دەدەن کە AKP لە ٤٦٪ دەنگەکان بەدەست دێنێ. لەوە دڵنیاینە کە لە ڕێژەی ٤٧٪ کەمتر بەدەست ناهێنین.

**گوڵان:** AKP لەساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەیەکی زۆر دەنگی لەوشارانە بەدەستهێنا، کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن. بەڵام لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی دەنگەکانتان لە کورتی دا. لەهەڵبژاردنی داهاتوو بەتایبەتی لە شارە کوردیەکان چاوەڕێی ڕێژەیەکی چۆن دەکەن؟

**بولەند ئارنچ:** هەڵبژاردنی شارەوانی (هەرێمی) لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی جیاوازە. لە هەڵبژاردنی هەرێمی زیاتر کاندید گرنگی خۆی هەیە. بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی رۆڵی پارتی گرنگترە. AKP چ لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان بێ، چ لە هەرێمیەکان بێ، ڕێژەی دەنگەکانی بەرز کردەوە. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٢ ڕێژەی دەنگەکانمان ٣٥٪ بوو. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ گەیشتە ٤٧٪. لە هەمان کات لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی ساڵی ٢٠٠٤ ڕێژەی دەنگەکان ٤٢٪ بوو. بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی ٢٠٠٩ گەیشتە ٤٠٪. لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی ساڵی ٢٠٠٩ لەدژی AKP، CHP و MHP بەیەکەوە کاریان کرد. سەرەڕای ئەو یەکێتیەیان AKP توانی لە کۆی ١٦ شارەوانی گەورە ١٠ بەدەست بێنێت. هەروەها لە کۆی ٥٧ شارەوانی پارێزگاکان ٤٨ بەدەست هێنا. جگە لەمانە شارەوانی ٤٧٠ شارۆچکە و ١٤٠٠ شارەدێی بەدەستهێنا. ئەمڕۆ لە ئاستێکی بەهێز داینە. لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیش دوو پارتی پێشبڕکێ دەکەن. یەکێکیان AKP یە، ئەوەی تریان BDPیە. AKP ڕێژەی دەنگەکانی پاراستووەو بگرە زیاتریشی کردووە. بۆ BDP تابلۆکە جیاوازە. لەو شارانەی زۆربەی دانیشتووانەکانی کوردە، لەساڵی ٢٠٠٢ تا ئەمڕۆ ڕێژەی دەنگەکانمان کەمی نەکردووە.

**گوڵان:** لەناو AKP، کامە چەمکی بەڕێوەبەرایەتی باڵادەستە؟ ئەو پارتە چۆن بەڕێوەدەبرێت؟

**بولەند ئارنچ:** لەناو AKP، چەمکێکی بێ نموونەی بەڕێوەبەرایەتی هەیە. هەموو پارتە سیاسیەکانی تورکیا پەیوەستن بە یاسای پارتە سیاسیەکان. لەم رووەوە پێکهاتەیەکی هەرەمی لە ئارادایە. وەکو لەناو پارتەکانی تر دا هەیە، هەمان شێوازی ڕێکخستن لەناو AKP دا هەیە. لەناو پارتی ئێمە دەزگای دادوەری هەیە. هەروەها لەناو AKP چوارچێوەیەکی بێ سنووری ئازادی هەیە. هەموو کەس دەتوانێت بە ئازادنە رەخنە بگرێت. دەتوانی بە ئاسانی لە هەموو ئاستەکان کەسێك بانگهێشتی لێپرسینەوە بکەیت. بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆمان بە ئیمزای ٢٠ کەس وەزیرێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت. ئەمە لەناو هیچ پارتێکی تردا نییە. لەناو AKP چەمکی فشار و تۆتالیتار نییە. بۆ چارەسەری کێشەکانی تورکیا داوای بەڕێوەبەرایەتی هاوبەشمان کرد. بۆ

**ئێمە لایەنگری دیموکراتین، بەڕێوەبردنی گەل خۆی بەخۆی، جێبەجێ کردنی داواکانی گەل، فاکتەری دووەمینی سەرکەوتنمانە**

**لەمەودوا هەموو کەس بەئازادانە گوزارە لە ناسنامەی خۆی دەکات. دەتوانێ بڵی کوردم، فێری خوێندن بە زمانی خۆی ببێ. رادیۆ و تەلەفزیۆنی خۆی بکاتەوە. ئەوانە هەموویان بەر لە ٣٠ ساڵ تاوانی هەرە گەورەبوون**

**گەلی تورکیا بەدرێژایی ٨٧ ساڵەی تەمەنی کۆماری تورکیا، باشترین و چۆنایەتی ترین خزمەتی وەک ئێستای بەخۆیەوە نەبینیوە**



کێشەکان گفتوگۆ دەکەین و بەیەکەوە بڕیار دەگرین و بەیەکەوەش هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین.

**گوڵان:** لەناو AKP کێنە ئەو کەسایەتیە بەکاریگەرانە. باس لەناوی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، عەبدوڵڵا گول و ئێوە دەکرێت. ئەو سێ کەسە وەکو ئایدیۆلۆگی ئەو پارتە بەناو دەکرێن؟

**بوڵەند ئارنج:** کەسانێك لە تورکیا هەیە ئەو ڕیزبەندییە دەکات. چونکە هەرسێکمان بەیەکەوە دەستمان بە سیاسەت کردووە. یەکتر باش دەناسین. بە گیان بەختانە سیاسەت دەکەین و خاوەنداریەتی لە تورکیا دەکەین. پاشان خودای گەورە یەکێکمانی کردۆتە سەرۆك کۆمار، یەکێکیان سەرۆك وەزیرو، منیش بوومە سەرۆکی پەرلەمان. دیسان هەر کەسێك لە هەر کوێیەك ئەرکێکی بکەوێتە سەر شان لە شوێنی خۆی بەجێی دەگەیەنێت. پێوەندیمان لەگەڵ هەموو هاوڕێکانمان زۆر زۆر باشە. لەناو پارتی وەکو برا گەورەو برا ڕێز لە یەکتر دەگرین. لەناو ئەو ٩ ساڵەدا کێشەی گەورەی تورکیامان چارەسەر کرد. لەسەرخۆ هەنگاومان نا. چونکە بەپێچەوانە نەمومکین بوو ئەو جوانیانە لەباوەش بگرین. چونکە لەسەرخۆیی مەرجی سەرکەوتنە.

**گوڵان:** چەندین پارتی سیاسی تورکیا ڕووبەڕووی قەیران دەبنەوە. سەرۆکەکانیان دەگۆڕن، لەپێناو مانەوە لەسەر کورسی ململانێ دەکەن. AKP چۆن ڕوونەدانی ئەو قەیرانانە ئاستەنگ دەکات؟

**بوڵەند ئارنج:** ئەو قەیرانانە لەناو پارتی ئێمە ڕوونادەن، چونکە ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکتر باڵادەستە. جگە لەمە بەر لەخۆم بیر لەهاوڕێکەم دەکەمەوە، لەناو کەسایەتی ئەم پارتە پەنگی خواردۆتەوە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار. بەڕێز ئەردۆغان عەبدوڵڵا گولی بەشایانی ئەو پۆستە دەزانی، بەڵام بەڕێز گول دەیوت نا ئەو پۆستە مافی تۆیە. لەناو پارتەکانی تر ئەمە نابێت. نهێنی سەرکەوتنی ئێمە لێرەدایە.

**گوڵان:** حکومەتی AKP، چۆن بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی دا؟

**بوڵەند ئارنج:** پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی یان پرۆسەی یەکێتی نیشتمانی، نزیکەی دوو ساڵی تەمەنی دەبێتەوە. لەمانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩ حکومەتی AKP لەوبارەیەوە لەناوخۆی گفتوگۆی کرد. دواتر ئەم بابەتە گواسترایەوە ناو هۆڵی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی MGK. دوای گفتوگۆکردنی لەناو ئەو دەزگایە وەکو پرۆسەی دەوڵەت بڕیاری لەسەر درا. چونکە پێویست بوو هەموو دەزگاکان پشتگیری لەو پرۆسەیە بکەن.

**گوڵان:** تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی دەستپێکردنی کرانەوەی دیموکراتی و کورد چین؟ ئایا لەو سیاسەتەی پەیڕەوتان کردووە، تایبەتمەندیەك هەیە کە جێبەجێکردنی نەمومکین بێ؟

**بوڵەند ئارنج:** ئەو پرۆسەیە سێ ستوونی سەرەکی هەیە. لە تیرۆر بێزار بووینە. خوێن دەڕێژێت و سەروەتی نیشتیمانیمان بە هەدەر دەدات. یەکەمینیان کۆتایی هێنانە بە تیرۆر. بێگومان تیرۆر لەناوەوەو لە دەرەوە چەکدار و ملیشیای چەکداری هەیە. ئۆجالان لە ئیمرالی حوکمی بەسەر دەبات، قەندیل، مەخمور و باشووری

**موحەفەزەکاری ئێمە لەو بەهایانە سەرچاوە دەگرێت کە گەل پێیانەوە پەیوەستن**

**هەر پارتێک کاتێ لەسەر دەسەڵات بێ، شەکەت دەبێ و ئۆپۆزسیۆنیش لەمە هێز بەدەست دێنێ. ئەمە بۆ ئۆپۆزسیۆن دەبێتە زەمینەی یاریکردن**

**لەو شارانەی زۆربەی دانیشتووانەکانی کوردە، لەساڵی ٢٠٠٢ تا ئەمڕۆ ڕێژەی دەنگەکانمان کەمی نەکردووە**

**سەرۆکی ئەرکانی سوپا و فەرماندەی هێزە زەمینییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هیچی تر کێشەی پەکەکە بەچەک چارەسەر ناکرێت. لەمەولا پێویستە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کەلتووری هەندێک هەنگاوی تر بنێین ..**



**هەڵبژاردنی شارەوانی (هەرێمی) لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی جیاوازە. لە هەڵبژاردنی هەرێمی زیاتر کاندید گرنگی خۆی هەیە. بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی رۆڵی پارتی گرنگترە**

رۆژهـــەڵات. واتە چەند فاکتەرێکی تری هەیە.تورکیا تاکە وڵات نییە لە جیهان کە بەرەنگاری تیرۆر بۆتـــەوە. وڵاتەکانی تر دوای ململانێیەکـــی دەم درێژە لەم رووەوە ســـەرکەوتنیان بەدەســـتهێنا. ئێمەش وەکو تورکیا پێویســـتە لەو تیـــرۆرە رزگارمان بێت. ئەوەی دەیخوازین چیتر ئەو رێکخراوە هێرشـــی چەکـــداری ئەنجـــام نـــەدات. دەســـتبەرداری چـــەك بـــن و بگەڕێنەوە ســـەر خاکی خۆیان. ئەگەر ناشگەڕێنەوە با بچنە شـــوێنێکی تر. بۆ ئامادەکردنی ئـــەو زەمینەیە کار دەکەیـــن. چونکە بەر لەوەی AKP گەیشـــتبێتە ئەو ئەنجامە، سەرۆکی ئەرکانی سوپا و فەرماندەی هێزە زەمینییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هیچی تر ئەو کێشـــەیە بەچەك چارەسەر ناکرێت. لەمەولا پێویســـتە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کلتووری هەندێك هەنگاوی تر بنێیـــن. بێگومان تا ئەمڕۆ تیرۆرێك هەیە و بەرەنگاری دەبینەوە. بەڵام لەهەمان کات پێویستە لەســـەر ئەو هۆکارانە هەڵوەستە بکرێت کە بوونەتە مایەی بەرهەم هێنانی تیرۆر. تیرۆر تەنیا ئەنجامێکە، کە چەندین هۆکار لە پشت بەرهەم هێنانی دەوەستێت. لەم روانگەیەشەوە بۆ یەکەمجار AKP لەو هۆکارانـــەی کۆڵیـــەوەو لەهەمان کات بۆ بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانەی کار دەکات.

لەناو ئەو هۆکارانە، پاشکەوتنی ئابووری هەیـــە. هەرێمێکـــی هەژار، کـــە رێژەی بێکاری زۆر بەرزە گەیشـــتۆتە ئاســـتێك دەرچووانی زانکۆش کاریان نەبێت. کەواتە پێویســـتە زەمینـــەی پەیداکردنی نان بۆ هەمـــوو کەس ئامادە بکرێـــت. مامەڵەی خراپ، ئەشکەنجە، تاوانی بکەر نادیار لەو هەرێمە بەردەوام مایەی سکاڵاکردن بووە. ئەوانە هەموویان لەدژی خەڵکی

ئەو هەرێمە گیراونەتەبەر. ئێمە تازە بەتازە لە بکەری ئەو تاوانانە دەپێچینەوە. کاتێك هاوڵاتیەك دەڵێت ناسنامەی من ئەوەیە، یەکێکی تر قیت دەبێتەوە نەخێر دان بە ناسنامەی تۆ نانێین. قسە کردن بەزمانی کوردی قەدەخەکراوە. شەرەفەدین ئالچی لەبەر ئەوەی جەختی لەسەر کوردبوونی کردبووەوە پەلکێشی زیندان کرا. من لەساڵی ١٩٨٠ قەدەخەکاری سیاسیم بەسەر سەپێنرا. هەموو ئەمانەمان بینی، کە هیچ کاتێك روویانداوە. پیرەژنێکی ٧٠ ساڵە کە تورکی نازانێت، نەخۆش دەبێت و دەیگەیەنە خەستەخانە لەبەر ئەوەی بەکوردی قسە دەکات، پێی دەڵێن تۆ تاوانباری. ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە نموونەی نەبووە. لە زیندانی دیاربەکر سووکایەتی و لێدان بەرامبەر زیندانیان پەیرەوکراوە. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە کە ئازادکران روویان کردە شاخەکان و وتی دەبێت سزای ئەو کەسانە بدەمەوە کە منیان ئەشکەنجە کردووە. بەدەیان هۆکاری تر هەیە کە بۆتە مایەی سەرهەڵدانی توندوتیژی. لەمەودوا هیچی تر کەس ئەشکەنجە نادرێت. رێژەی ئەشکەنجەدان گەیشتۆتە ئاستی سفر. لەمەولا مامەڵەی خراپ لەگەڵ کەس ناکرێت، لەمەودوا هەموو کەس بەئازادانە گوزارە لە ناسنامەی خۆی دەکات. دەتوانێ بڵێ کوردم، فێری خوێندن بە زمانی خۆی ببێ. رادیۆ و تەلەفزیۆنی خۆی بکاتەوە. ئەوانە هەموویان بەر لە ٣٠ ساڵ تاوانی هەرە گەورەبوون. مافە کەلتووریەکانیان بەدەست دێنن، دەتوانن بچنە کۆیستانەکانیان. یەکتر لەباوەش گرتن ئاسایی دەبێت. دەربارەی ئەمانە و چەندین مەسەلەی تر بڕیارمان داوە. لەمەولا ئەو زوڵم و ئەشکەنجەی خەڵکی کورد بینیویەتی کۆتایی پێدێت. ئەوانە برای ئێمەنە، گەشە بە هەرێمەکەی ئەوان دەدەین. لە هەرێمەکە رێگاوبان و خەستەخانە دەکەینەوە. ئەوان بەخۆیان گوزارە لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. بە رەنگە جیاوازەکانیان قسە دەکەن و پێدەکەنن. بەکەلتووری خۆیان ئارەزوویان لەچی بێ دەیکەن. بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە ژیانێکی ئاسایی بباتە سەر هەموو مافەکانیان لە ناسنامەی ئەتنیی و باوەڕی جیاواز بۆ هەموو توێژ و گرووپەکان دەدرێتێ. جگە لەمە لە چیاکان کۆمەڵە خەڵکێك هەیە. کەسانێك هەیە کە هێرشیان کردووە. بەوانە دەڵێین ئیتر لەمەولا هێرش نەکەن. چییان دەوێت، داوای مافە سیاسیەکانیان دەکەن، زەمینەی ئەوە دیارە. ئەگەر داوای گۆڕینی دەستوور دەکەن، ئەوە دەکرێت. تا ئاستێکی شیاو هەموو شتێك دەکەین. تەنیا با خۆیان لە توندوتیژی و چەك بەدوور بگرن. قەندیل چۆڵ دەکەن؟ ئەوا پێویستە ئەوانەی تا ئەمڕۆ توندوتیژیان پەیرەو کردووە، تاوانیان ئەنجامداوە، لە دادگا تاوانەکانیان لەسەر بۆتە ماڵ نەگەڕێنەوە تورکیا. بۆ کوێ دەچن با بچن. بەڵام ئەوانەی تەنیا پێوەندیان بەو رێکخراوە هەبووە ( PKK- رییۆرتەر) چوونەتە دەرەوەی تورکیا دەستیان بەخوێن سوور نەبووە با بەفەرموون بگەڕێنەوە تورکیا. بە ئەوانەی مەخموریش دەڵێم کە چەندین ساڵە لە خاکەکەتان دوور کەوتوونەتەوە. بگەڕێنەوە وڵاتەکەتان و سەر خاکەکەتان. ئەمە پرۆسەیەکە تا هەموو خراپەکاریەکان بنبڕ دەکات درێژی دەبێت.

**گوڵان:** پێتانوایە ئەم پرۆسەیە چەند درێژە دەکێشێت؟

**بوڵەند ئارنج:** ئەگەر کارەکان بە ئاراستەی خۆیاندا بڕۆن لەناو یەك ساڵدا کۆتایی پێدێت. چەندین هەنگاوی وەکو کردنەوەی TRT6 و ئەنیستۆی کوردۆلۆژیمان هاویشتووە.

**گوڵان:** ئایا ئەو هەنگاوانەی نراون، بەسە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزی بەم شێوەیە؟

**بوڵەند ئارنج:** لە رابردوو هیچ هەنگاوێکی لەم جۆرە نەنراوە. لەم وڵاتە وەکو ناوی لێدەکەن باری نا ئاسایی گیراوەتەبەر. AKP ئەم بارەی هەڵوەشاندەوە. ئێمە دەوڵەتێکی ئاساییین. ناچارین هەنگاوەکانمان بەشێوەیەك بنێین کە گونجاو بێ لەگەڵ دەستوور و یاسا.

**گوڵان:** ئێوە لەگەڵ سەرۆك وەزیر رەجەب تەیب ئەردۆغان قسەی باش و ئەرێنی دەکەن. بەڵام سەرۆك وەزیر ناو بەناو لێدوان دەدات دەبێتە هۆی بێزاری خەڵك. ئایا قسەی سەرۆك وەزیران «با کەس چاوەڕێی خوێندنی کوردی لە ئێمە نەکات» دژی بە سیاسەتی کرانەوە نییە؟

**بوڵەند ئارنج:** بە گوێرەی دەستوور زمانی فەرمی تورکیە. جگە لەمە زمانی خوێندنیش تورکیە. بەتایبەتی کە دەستوور دەڵێت زمانی خوێندن تورکیە، راستیەکە گۆڕانی بۆ نییە.

من سەردانی دیاربەکرم کرد. لەگەڵ ٤٨ رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی کۆبوومەوە. زمانی هەموویانم وەرگرت. یەکێکیشیان باسی خوێندنی بە زمانی کوردی نەکرد. لەو بارەیەوە بانگەشەکانی BDP سیاسیانەیە. پێموانییە خەڵکی کورد داوایەکی بەم شێوەیەی هەبێت. زۆربەی زۆری خەڵکی داوای ئارامی دەکات. داوای داننان بە ناسنامە و کۆتایی هاتن بە توندوتیژی دەکات.داوای خاوەنداریەتی کردن لە خاکیان و بوونە هاووڵاتی پلە یەك دەکەن.

پێویستە دەربارەی چۆن خوێندنی کورد دەست پێدەکات گفتوگۆ بکرێت. ئێمە لە کەناڵی TRT6 زەحمەتی لە دۆزینەوەی کەسانێك دەبینین کە بتوانن بە کوردییەکی پاراو قسەبکەن. دەربارەی زمانی دایك هەموو شتێکمان کرد، کۆرسی زمانمان کردەوە، لە زانکۆکان ئەنیستۆمان دامەزراند. رێگەمان بە کردنەوەی کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی دا. دەتوانن پەخشی ٢٤ سەعاتەی کوردی بکەن. هەواڵەکانیش بە زمانی کوردی پەخش دەکرێن. هیچ ئاستەنگێکمان بۆ ماف و شێوازە راستەکان دانەنا. ئەم هەنگاوانە داهاتووش درێژیان دەبێت. چونکە ژیان مۆبیلیزەیەو داواکاریەکان گۆڕانیان بەسەر دێ. بەڵام پێویستە دەستوور لەبەرچاو بگرین.

**گوڵان:** دەربارەی کێشەی کەرکوك، کورد، عەرەب و پێکهاتەکانی تر داوا لە تورکیا دەکەن دەستپێشخەری بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بکات. ئایا لەم روانگەیەوە تورکیا خوازیارە رۆڵێك بگێڕێتە ئەستۆ؟

**بوڵەند ئارنج:** ئێمە ناچارین بە یەکسانی تەماشای هەموو پێکهاتەکانی عێراق بکەین. لەهەمان کات لایەنگری یەکێتی خاکی عێراق دەکەین. باش دەزانین کە سامانی عێراق ماڵی عێراقیەکانە. خوازیارین ئەم وڵاتە پارچە نەبێت و لەیەك نەترازێت. چونکە لەسەر یەك جوگرافیا دەژین. خەڵکی عێراق دۆست و برا و خزمانە. کەرکووك وەکو شارێکی عێراق

**پیرەژنێکی ٧٠ ساڵە کە تورکی نازانێت، نەخۆش دەبێت و دەیگەیەننە خەستەخانە لەبەر ئەوەی بەکوردی قسە دەکات، پێی دەڵێن تۆ تاوانباری**

**ئێمە لە کەناڵی TRT6 زەحمەتی لە دۆزینەوەی کەسانێک دەبینین کە بتوانن بە کوردییەکی پاراو قسەبکەن. دەربارەی زمانی دایک هەموو شتێکمان کرد، کۆرسی زمانمان کردەوە، لە زانکۆکان ئەنیستۆمان دامەزراند**

بەناو دەکەین، ناخوازین بۆشایی دەسەڵات لە عێراق بێتەئاراوە. پەیوەست بەمەشەوە بەڕێز ئەحمەد داود ئۆغڵو وەزیری دەرەوە بەردەوام لەگەڵ هەرێم لە پێوەندیدایە. ئەگەر عێراقیەکان و حکومەتی ناوەندی داوامان لێبکات، بێ هیچ گومانێك بۆ چارەسەری رۆڵ دەگرینە ئەستۆ هەروەها دەستپێشخەری دەگرینە دەست. ئێمە بۆ وەدەستهێنانی مافی هەموو چەوساوەکان زۆر بە دڵخۆشی کاردەکەین. زۆر دڵگرانین بە خراپبوونی ژیانی هەموو عێراقیەکان. ئەگەر کورد بێ کورد، ئەگەر شیعە بێ شیعە، ئەگەر سوننە بێ سوننە و تورکمان بێ تورکمان پێویستە هەموویان مافی خۆیان بەدەست بێنن. تورکیا بە بەردەوام چاودێری ئەو مەسەلەیە دەکات. وڵاتێکە کە توانا و هێزی خۆی بۆ چارەسەری تەرخان کردووە.

**گولان:** بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی بەردەوام جەخت لە چارەسەری کێشەی کورد بەشێوازی سیاسیانە دەکاتەوە. ئێوە هەڵوێستی ئەوان چۆن دەخوێننەوە؟

**بولەند ئارنچ:** مسعود بارزانی وەکو حاکمی هەرێمی کوردستان دیارە. پێوەندییەکانمان زۆر باشە. چەند وەزیرێکمان سەردانی هەولێریان کرد. هەروەها بەرپرسانی هەرێمیش سەردانی تورکیایان کرد. لەم قۆناغەدا پێوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئاستێکی باش دایە. ئەوانیش ناخوازن توندوتیژی لە هەرێمەکە هەبێت. حەز بەوە ناکەین بڵێن تەنیا لە لایەنی ئابووری و بازرگانی پێوەندییەکانمان پتەو دەبێت. بەڵکو دڵخۆشین بەوەی لەلایەنەکانی تریش پێوەندییەکانمان بەرەو پێش دەچن. دەربارەی کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و دەستبەرداربوونی PKK لەچەك هەڵوێستی مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی زۆر بە راستگۆیانە دەنرخێنین.

خوازیارین هەموو شتەکان بە دیالۆگ و دیپلۆماسی تێبپەڕێنین. هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ راستیەکە. لەوێ بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە. تورکیا بەهاوبەشی کارکردنی لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دەتوانێتلەروانگەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەنجام بگرێت هەروەها بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لە هەرێمەکە زیاتر بکات. ئەمەش سیاسەتێکی ژیرانەیە.

**گولان:** تا ئێستا تۆ سەردانی هەرێمی کوردستانت نەکردووە. لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ سروشتی کارەکەت بگەڕێتەوە. ئەگەر بانگهێشت بکرێی ئامادەی سەردانی ئەو هەرێمە بکەیت؟

**بولەند ئارنچ:** بێگومان سەردانی دەکەم. لەو هەرێمە چەندین زانکۆ و قوتابخانەی تورکیش هەیە. هاوڕێکانم پێم دەڵێن هەولێر زۆر جوان و رازاوە بووە.

**ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە نموونەی نەبووە. لە زیندانی دیاربەکر سووکایەتی و لێدان بەرامبەر زیندانیان پەیڕەوکراوە**



# ترس لە گۆڕانکاری
# ترس لە دابەشبوونی دەسەڵات



ڤینۆس فایەق

هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی دۆخی جیهانگیری، بزووتنەوەیەکی دینی فیندامینتالیزم لە زۆر جێگا سەریهەڵداوە، کە قەناعەت بەو جۆرە گۆڕانە کە بە پلەی یەکەم ژن لێی سوودمەند دەبێت ناکات و رەتیدەکاتەوە، تەنانەت قەناعەت بەهیچ گۆڕانێك لەدەرەوەی بیری دینی ناکات و، دژ بە هەموو چاکسازیەکیش لەناو بیری دینیدا دەوەستێتەوە. ئەو رۆحە فێندامێنتالیزمەی کە تەواو لە ئێستادا بەقەدەر ویستی گۆڕان توندوتیژە. هەموو دەنگێك بۆ گۆڕان بەرانبەری دەنگێك هەیە رەتی دەکاتەوە، هەر ئەو توندڕەوییە دینییە کە ئەو زیادڕەویە عیلمانی و کرانەوە بێ سەروبەر و بێ سنوورەی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش کە بەتەنیا چاکسازیەکی سەرتاسەر لەهەموو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بەتایبەت لە دیندا چارەسەری هەردوو حاڵەتەکە دەکات. چونکە تا شەپۆلی دینی توندبێتەوە، شەپۆلی دژە دین توندتر کاردانەوەی دژ ئەنوێنێت. بەو پێیەشی کە زۆربەی زۆری ویستەکانی گۆڕان لەسەر بنەمای کاردانەوە بینادەبن، لەبەرانبەریشیدا رەتکردنەوەکەش بەهەمان شێوە هێزی بەرانبەر بە کاردانەوە وەڵام دەداتەوە. ئەمەش شتێکە بەپێی لۆجیك لێکدانەوەکەی ئەوەیە کەئەو هەموو گۆڕانکاریە گەورانەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و نەمانی سنوورەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە سنووری جیهانبینی هێند فراوان کردوە و بەها ئەخلاقی و مەعریفی و فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگاکانی گۆڕیوە، مەحاڵە جارێکی تر پابەندی ئەو یاسا و رێسا کۆنسەرفاتیف و تراديسیۆناڵانە بنەوە و چارەنووسیان بەو دەقە قورئانی و لێکدانەوە تراديسیۆنال و نەریتیانەی قورئان و حەدیسی نەبەویدا جێگە بکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا پێویست بە چاوخشانەوەیەکی تر دەکات بە هەموو نۆرمە ئیتیکی و فەرهەنگیەکانماندا بە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی قورئان و حەدیسی نەبەوییشەوە. ئیدی داخوا دەبێت ئەو هەموو ترسە لە گۆڕان چیبێت؟ کە رەنگە لەدەستدانی پێگە و دەسەڵات گرنگترین ئەو ترسە شاردراوە و رانەگەیەندراوانە بێت، کە نامانەوێت راشکاوانە و راستەوخۆ دەستی بخەینەسەر. لەمبارەیەوە فاتیمە ئەلمەرنیسی لەبارەی ئەو گۆڕانەوە دەڵێت: «لە راستیدا هەموو لە گۆڕان دەترسن و، موسڵمانەکان لەهەمووان زیاتر لێی دەترسن، چونکە مەبەست لێرەدا ئەو فەنتازیایە کە وابەدەوری دەسەڵاتەوە. ژنانیش لە هەموو جیهاندا زۆر بە باشی گرنگی ئەم فەنتازیایەیان درك پێکردوە بۆ خۆپڕچەککردن بە دەسەڵات.»

کەواتە مەسەلەکە لێرەدا لەم مەنزورەوە لە (دەسەڵات)دا چڕ دەبێتەوە، چونکە لەم جۆرە کۆمەڵگا دینی کۆنسەرڤاتیڤانەدا رەگەزی کوڕ بۆ سەرکردایەتی و وەرگرتنی دەسەڵات لەدایکدەبن و ژنان بۆ کۆیلەیی، لەبەر ئەوەنا کە ژن خۆی بە کۆیلەیی لەدایکدەبێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەڵاتەکە کە پیاوە پێویستی بەوەیە ئەوەی لە پشتیەوەیە کۆیلەبێت، بۆ ئەوەی ئەو زامنی ئەوە بکات بەردەوام دەسەڵات لەدەستنەدات. هەروەها لەبەر ئەوەی رەگەزی بەرانبەر باوەڕی بە پرنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات نییە کە کرۆکی داخوازی ژنە، نەك ئەوەی کە پیاو لێی دەترسێت ئەویش لەدەستدانی تەواوی دەسەڵاتە.


ئەمەش تەواو لەو ململانێیە دەچێت کەوا لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی دەسەڵاتیان لەدەستایە، چونکە لە کۆتاییدا ئەوانیش هەوڵی سەندنی دەسەڵات دەدەن، ئەگەر راشیان نەگەیاندبێت یان نکوڵیشی لێبکەن. کەسیان بیریان لە دابەشکردن و دەساودەسکردنی ئەو دەسەڵاتە نەکردۆتەوە.

ئەگەر بپرسین داخوا بۆچی لە ئێستادا ئەو هەموو داخوازیانە لە جیهاندا لەزیادبووندان بۆ داپۆشینی ژن و دوورخستنەوە و لە قاڵبدانی و زیادبوونی حاڵەتەکانی کوشتن و کپکردنی؟ چونکە ژن لە جاران زیاتر دەچێتە دەرەوە و، لە جاران زیاتر ئەخوێنێت و، لە جاران زیاتر بەشداری لە بوارەکانی کۆمەڵگادا ئەکات وەکوو: ئەدب، هونەر، کارگێڕی و بوارەکانی وەکوو خزمەتگوزاری .. تاد و گرنگترین بواریش کە ژن لە ئێستادا سەرقاڵی ئەوەیە خۆی تیا بسەلمێنێت و جێگەی خۆی تیاقایم دەکات، بواری سیاسەت و بازنەی بڕیاری سیاسیە، کە ئەمە هەڕەشەیەکی روون و ئاشکرایە بۆسەر بەرتەسکبوونەوەی سنووری دەسەڵاتەکانی پیاو سەندنەوەی ئەو بەشەی کە داگیریکردوە بە شێوەیەکی فیعلی. ئەمەش مانای ئەوەیە رووبەری گۆڕانی ژن زۆر فراوانترە لە رووبەری گۆڕانی پیاو، چونکە پیاو هەمیشە ترسی لەو گۆڕانە هەیە، چونکە دەترسێت دەسەڵات لەدەستبدات، لە کاتێکدا ژن داوای هەموو دەسەڵات ناکات، بەهێندی ئەوەندەی داوای گۆڕینی بیرکردنەوە و شەریکایەتیکردن لە بوارەکانی خزمەتکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەکات. بەم شێوەیە ئەو پەرەسەندن و فراوانبوونە لە دنیابینی و بەرزبوونەوەی بنمیچی داواکاری و خەونەکانی ژن و فراوانبوونی بازنەی چالاکی و جموجوڵی ژن لە کۆمەڵگادا، - ئەگەر ئاگادار نەبێت- جۆرێك لە پیاو دەکاتە نمونەی دەسەڵاتە دیکتاتۆریە شۆڤێنیەکان کە مومکین نیە باوەڕ بەوە بهێنن رۆژێك لە رۆژان هێزێکی تر دروست دەبێت و دەسەڵاتی لەگەڵ بەشدەکات بە شێوەیەکی یەکسان و داوای هێنانەکایەی کەلتووری شەریکایەتی و دەساودەسکردنی دەسەڵات دەکات.

بۆیە زۆر گرنگە ژن جەخت لە گۆڕینی پیاو بکاتەوە، بە هەستەوەری مامەڵە لەگەڵ چەمکی گۆڕان و دەسەڵات بکات. چونکە هەموو زیادڕەویەك لە داواکردنی دەسەڵات، بەرپەرچدانەوەیەکی هەڕەمەکی و مەترسیداری پیاوی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بیردۆزە تەندروستەکە دەڵێت جموجۆڵی ژن با زیاتر کردار و خۆسەلماندن بێت، نەك کاردانەوە لەبەردەم زوڵم و زەبری پیاودا، بۆئەوەی خاڵ دانێت و سەرەتای شۆڕشێك دانێت بۆ بەرپاکردنی گۆڕینی پیاو و ئەوجا چاکسازیە پەروەردەیی و ئەخلاقی و فەرهەنگیەکە دێتە گۆڕێ لە کۆمەڵگادا. دەبێت پیاو بیرۆکەی گۆڕان قەبوڵ بکات، بیرۆکەی ئەوەی ژن ببێتە شەریکی فیعلی لە دەسەڵاتدا بەهەموو شێوەکانیەوە، بەتایبەت لە ئابووری و لە بەڕێوەبردن و بڕیاردا.

kurdish@venusfaiq.com

# نەشەڕ نەئاشتی و چانسێک بۆ ئاشتی



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

بەرامبەر بەوەی کە پەکەکە یەکلایەنە راگرتنی شەڕی تا هاوینی ساڵی داهاتوو درێژ کردەوە، سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول داوای لەپەکەکە کرد بەیەکجارەکی چەک دابنێ. بەم بڕیارەی پەکەکە، مەسەلەی کورد دەچێتە قۆناغی نە شەڕ نە ئاشتی. ئەگەرچی ئەم قۆناغە بێ گرژی نابێ و تەنانەت ئەگەری تێکچوونی ئاشتییە شڕەکەش هەمیشە هەیە، بەڵام نە شەڕ نە ئاشتی لەشەڕ باشترەو ئەم ماوەیە خۆی لەخۆیدا دەرفەتێکی باش بۆ بەخۆداچوونەوەو بەشێنەیی بیرکردنەوە دەرەخسێنێ.

لەکێشەیەکی وەك ئەوەی نێوان پەکەکەو ئەنکەرە، مەسەلەی چەك دانان بەپێچەوانەی ئەوەی کەبیری لێدەکرێتەوە، مەسەلەیەکی لاوەکییە. مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کەپاش چەك دانان چی روودەدا. یان بەواتایەکی تر، نرخی چەك دانانەکە چییە. بەرامبەر بەوەی کە ئەنکەرە ئاشتیی چنگ دەکەوێ، پەکەکە چی دەست دەکەوێ؟ ئەمە مەسەلە سەرەکییەکەیە. ناشکرێ لەم رووەوە بیر لەچارەسەرێك بکرێتەوە کەتێیدا لایەنێك هەموو شتێکی چنگ کەوێ و لایەنەکەی تر هیچی چنگ نەکەوێ.

لەئەزموونی کوردی عێراقدا، لەهەموو وتووێژەکاندا بابەتی چەك دانان گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر کراوە. لەو وتووێژەی کەساڵی ١٩٧٠ هاتە ئاراوەو بە راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار گەیشت، کورد ئامادەیی دەربڕی کەئێزگەو چەکە قورسەکان رادەستی دەوڵەت بکا، ئەمە دواتر لەخاڵی ١١ی بەیاننامەکەدا چەسپا. هەروەها لەوتووێژی ١٩٩١ی نێوان بەرەی کوردستانی و بەغدادا، لەو رێککەوتنەی کەئیمزا نەکرا، لایەنی کوردی لەخاڵەکانی ٩و ١٥و ١٦دا رازی بوو بەوەی کە لەماوەی ٣٠ رۆژدا هەموو ئێزگەکان و چەکە مامناوەنجی و قورسەکانی رادەستی دەوڵەت بکاو هێزە چەکدارەکانی لەماوەی ٦٠ رۆژدا هەڵبووەشێنێتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە بەبێ نرخ نەبوو. لەساڵی ١٩٧٠دا بەرامبەر بەبڵاوە پێکردنی هێزەکان و رادەستکردنی ئێزگەو چەکە قورسەکان، بەغدا مافی ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد سەلماندو لەساڵی ١٩٩١یش بەرەی کوردستانی بەرامبەر بەرادەست کردنی ئێزگەو چەکە قورس و مامناوەنجییەکان و هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی، مافی سیاسیی بەدەست هێناو بەڵێنی ئاسایی کردنەوەی باروودۆخی لەناوچە جێناکۆکەکان چنگ کەوت.

ئەمە بەم مانایە دێ کەهیچ شتێك بێ نرخ نییە. دیارە پەکەکەش بەرامبەر بەهیچ، ئاشتی بەئەنکەرە نابەخشێ و بەکردەوە هیچ چارەسەرێك بەپەراوێز خستنی ئەو لایەنەی کەئەنکەرە ٢٦ ساڵە شەڕی لەگەڵدا دەکا، سەر ناگرێ. ئەگەر ئەنکەرە، وەك لەم دواییەدا دەرکەوت، ئامادەیی تێدایە هەڵسووڕاوێکی وەك عوسمان ئۆجەلان ئاشت بکاتەوەو مافی کاری سیاسیی ئاشکرای پێ ببەخشێ، هیچ شتێك نییە لێنەگەڕێ پەراوێزی ئەم ئاشتە کردنەوەیە بەرادەیەك بەرفراوان بکا کەلایەنی تر بگرێتەوە. ئەگەرچی عوسمان ئۆجەلان نکوڵی لەوە دەکا کە لەعەنکاوە لەگەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکدا وتووێژی کردووە، بەڵام نکوڵی لەوە ناکا کە بەشێوەیەکی نافەرمی ماسیجی لەگەڵ ئەنکەرەدا هەیە.

بەهەموو پێوانەکان، درێژکردنەوەی ئاگربڕ تا هاوینی داهاتوو، وردتر تا کۆتایی هەڵبژاردنی داهاتووی تورکیا، گوزارشت لەهەست کردن بەلێپرسراوەتی دەکاو لەهەمان کاتدا دەرفەتێکیشە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاو پشودان و کۆنتاکتی هەمەجۆر. گول لە لێدوانەکەیدا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە وتەکانی روون بن و خراپ لێکدانەوەیان بۆ نەکرێ. ئەگەرچی بەرامبەر بەدرێژکردنەوەی راگرتنی شەڕ خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و لەهەمان کاتیشدا لەم بارەیەوە هیچ بەڵێنێکی نەدا، بەڵام لێدوانەکەی و ناوەڕۆکی وتەکانی شتێکی وایان لێ هەڵدەکرێندرێ کەئەنکەرەش پابەندی دۆخی نە شەڕ نە ئاشتییەکە دەبێ کە بەدڵنیاییەوە پاراستنی تا هاوینی داهاتوو بەرژەوەندیی هەموو لایەکی تێدایە.


# هاوکار و نووسەری دیاری گوڵان
# ماڵئاوا..

دەبوو ئەم لاپەرەیە هاوکار و برای بەڕێزمان کاك سامی شۆرش لەم ژمارەیەدا بینووسیایە، بەڵام مەرگی ناوادە بواری نەدا تا ئەمجارەش بۆچوونەکانی خۆی لە گوڵان بڵاو بکاتەوە، کاك سامی بەڵێنی لەگەڵ گوڵان بەوشێوەیە بوو دوای ئەوەی تەنگژەی سیاسی عێراق بەلایەکدا دەکەوێت و وتوێژەکان دەکەونە ئاستێکی جدی بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی پۆستە سەروەرییەکان، بۆچوونەکانی خۆی بەراشکاوی لەسەر لاپەرەکانی گوڵان بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئەو کاتەی جەنابی سەرۆك بارزانی لەبەغداوە ڕێککەوتنی نێوان کوتلە سیاسەکانی ڕادەگەیاند، ئێمە لەسەر قەبران ماڵئاوایمان لە ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ و سیاسەتمەدارێکی نیشتمان پەروەر و ڕۆشنبیرێکی کارامە دەکرد، لەسەر قەبران برای بەڕێز کاك پشتیوان سادق لەوتەیەکدا بەبیرهەمووانی هێنایەوە کەچەند خوالیخۆشبوو ئومێدی بوو ئەو ڕۆژەی دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی سەردەکەوێت ئەویش وەك پەرلەمانتارێکی کوردستانی لەو دانیشتنەدا ئامادەبێت.

کاری نووسین و ڕۆژنامەگەری لای کاك سامی پێوەندی بە پۆست و پلە و پایەوە نەبوو،ئەوکاتەی لە ڕادیۆی عێراقی ئازاد بوو، نەیدەتوانی بەناوی خۆی وتارەکانی لە برایەتی و گوڵان بڵاو بکاتەوە بۆیە بە ناوی سالار مەحمود بڵاو دەکردەوە، کاتێکیش گەڕایەوە کوردستان و پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێبڕا دیسان کاك سامی شۆرش هەر لە گوڵان دانەبڕا و بەردەوام نووسینەکانی لە گوڵان بڵاو دەکرایەوە، بەڵام پێشی دەوتین وەزارەت هێندە سەرقاڵی کردووم دەبێت ئێوە زۆرم لێبکەن بۆ ئەوەی فریای گوڵانیش بکەوم، ئەوکاتیش کە وەزیری ڕۆشنبیری بوو زۆر کات کە لە وەزارەت بواری نەبوایە وتارەکەی تەواو بکات، خۆی لاپتۆپەکەی دەهێنایە گوڵان و لە ژووری نووسەران دادەنیشت و وتارەکەی تەواو دەکرد.

خوالێخۆشبوو کاك سامی شۆرش (گوڵان)ی وەك قوتابخانەیەکی ڕۆژنامەگەری پێناسە دەکرد و لەیەکێك لە ساڵیادەکانی گوڵاندا هەر بەو ناونیشانە بەشداری لەگەڵدا کردبووین، ئێمەش وەك ستافی گوڵان ئەومان وەك مامۆستایەکی ڕۆژنامەگەری سەیر دەکرد و حەزماندەکرد بەردەوام شتی زیاتری لێوە فێربین، بەڵام سەرقاڵی ئەو و خواستی ئێمە بەتەواوەتی یەکینەدەگرتەوە، هەربۆیە ماوەیەکی درێژ هەفتانە نووسینەکانی لەسەر لاپەرەکانی گوڵان دەردەکەوتن و ماوە ماوە داوای لێبووردنی لێدەکردین کە لەبەر سەرقاڵی ناتوانێت بۆ گوڵان بنووسێت، ساڵی پار ئەم کاتە کە لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کاندید کرا بۆ پەرلەمانی عێراقی و دواتریش کە بەسەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە پارێزگای هەولێر دەستنیشان کرا، جارێکی دیکە هاتە گوڵان و پێی ڕاگەیاندین کە لەبەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی تا دوای هەڵبژاردنەکان نووسینەکانی لەگوڵان ڕادەگرێت، دوای هەڵبژاردنەکانی مارتی ڕابردوو خوالێخۆشبوو کاك سامی شۆرش لەگەڵ ئەوەی ئەندامی شاندی دانوستاندنی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان بوو لە بەغدا، بەڵام دیسان لەبەر خۆشەویستی گوڵان جارێکی دیکە کەوتەوە نووسین بۆ گوڵان، بەڵام ئەمجارەیان وەك وتاری مانگانە نەك هەفتانە، هەر بۆیە دەبوو لەم ژمارەیەدا هەمووومان بۆچوونەکانی کاك سامی شۆرش لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بخوێنینەوە، نەمانزانی لەم ژمارەیەدا بۆ تا هەتایە ماڵئاوایی لێدەکەین.

هەربۆیە بەم بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لەخۆمان و تەواوی هاوڕێی و هاوکارانی کاك سامی شۆرش دەکەین و لە یەزدان دەپاڕێینەوە گیانی بە بەبەهشتی بەرین شاد بکات .





## قائیمقامی رانیه بۆ (گوڵان):

# پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە لەساڵی 2005 ـەوە دەستی پێکراوە تا ئێستا تەواو نەبووە



شـــاری رانیە یەکێکە لەو قەزا گەورانەی پارێزگای ســـلێمانی کە رووبەرەکەی ٨٨٤ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو ناحیەکانی چوارقورنەو بێتواتەو حاجی ئاواو سەرکەپکان و ١٣٩ گوند لەخۆدەگرێت کە تاکو ئێستا ١٢٧ گوندی ئاوەدانکراوەتەوە. پێش راپەرینی ســـاڵی ١٩٩١ ژمارەی دانیشـــتووانی نیشتەجێبووی ئەم شارە تەنیا ٣٧ هەزار کەس بوو، ئێستاکە ١١٠ هەزار کەسی تێدایە، ئەم ژمارەیە رووی لەزیادبوون کردووەو لەسەرجەم سنووری قەزاکە ژمارەی دانیشتووانەکەی گەیشتۆتە ٢١٠ هەزار کەس.

لەبەســـەرکردنەوەیەکی گۆڤاری گوڵاندا بـــۆ دەروازەی راپەڕین هاووڵاتییانی ژمارەیەك لەناوچەو گەڕەکەکانی رانیەمان بەسەرکردەوەو چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هاووڵاتییان کرد و تیشکمان خستە سەر کارە خزمەتگوزارییەکان بەگشتی، هاووڵاتییانی ئەو دەڤەرە پێیانوابوو :(گەرچی چەند پرۆژەیەك لەناوچەکە ئەنجامدراوە، بەڵام بەپێی خواست و پێداویستی ئێمە نییە..).

گرفت و کێشـــەی خەڵکی رانیەو ئاستی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆ و بێکاری و نەبوونی ماســـتەر پلانی شـــاری رانیەو دەیـــان بابەتی تری پێوەنـــدار بەبارودۆخی ژیانی هاووڵاتییانەوە ناوەرۆکی پرسیارەکانی گوڵان بوو کە ئاراستەی بەڕێز (عەلی حەمەد وسو) قائیمقامی شاری رانیەمان کرد و لێرەدا پوختەی دیدارەکە بڵاودەکەینەوە..





**گەشەکردنی رانیە زۆر بەخێراییە، ئەمەش وایکردووە زۆرجار فریای هەموو پێداویستی و پرۆژەکان نەکەوین**

سەرەتا بەڕێز قائیمقامی رانیە وتی: رانیە بەدرێژایی مێژوو بنکەو پایتەختی سەرکردایەتی شۆڕشەکان بووە، لەراپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ بووە دەروازەی راپەڕین و ٥ ئازار ئەو رۆژە بوو تاجی سەروەرییەکانی گەلی کورد و کوردستان لە رانیە دەستی پێکرد و رانیە بووە شاری تۆڵە ستێنی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدانی کوردستان، لەم روانگەیەوە پێویستە رانیە تایبەتمەندێتی خۆی هەبێت و حکومەتی کوردستان گرنگی زیاتری پێبدات و ئاستی خزمەتگوزارییەکان و گوزەرانی خەڵکیش پێشبخرێت.

**دەروازەی راپەڕین تا ئێستا بێ مۆنۆمێنتە، هونەرمەندانیش لەسەر شێوازی دیزاینەکەی رێکنەکەوتن**

### لەدابەشکردنی بودجەی پارێزگادا رەچاوی ئاستی گەشەکردنی رانیەی تێدا نەکراوە

**گوڵان:** کەواتە پایتەختی سەرکردایەتی و دەروازەی راپەڕین بۆچی وا بێنازو گرفتی خزمەتگوزاری هەیەو هاووڵاتییان گرفت و کێشەی خزمەتگوزارییان هەیە؟

**قائیمقامی رانیە:** پێموانییە شاری رانیەو سنوورەکەی بێناز بێت، لەبەرئەوەی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام گەشەکردنی رانیەو سنوورەکەی گەشەکردنێکی ئاسۆیی فراوان و زۆر خێرایە، ئەمەش وایکردووە زۆرجار فریای هەموو پێداویستی و پرۆژەکان نەکەوین، تۆ سەیری فراوانییەکە بکە ئێستا ٢١ قوتابخانەی ئامادەیی و ٣ پەیمانگاو چەند کۆلێژێکی هەیەو ژمارەی دانیشتوان و گەڕەکەکانی لە٧ تا ٨ گەڕەك بۆتە زیاتر لە٣٦ گەڕەك. ئەمانە هەمووی بودجەو ماندووبوونێکی زۆری دەوێت. دابینکردنی بودجەو ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان بەدوو ئاراستە کراوە، لایەنێکیان ئەنجومەنی پارێزگایە، ئەمەش بەپێی ژمارەی دانیشتووان دابەش دەکرێت، راستە ئەمەش جۆرە دادپەروەرییەکی تێدایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە زوڵم و نادادپەروەریشی لەگەڵدایە، چونکە رەچاوی فراوانبوون و ئاستی گەشەکردنی تێدا نییە کە لەم حاڵەتەدا پێداویستی و خواستەکان زۆر زیاتر دەبێت، ئالێرەدا نادادپەروەرییەکە دەردەکەوێت، لەم حاڵەتەدا رانیە رووبەڕووی کەمی بودجە دەبێتەوە، چونکە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕەك و ناوچەکە وایکردووە پێویستیمان بە پرۆژەو کاری بەردەوام و زیاتر بێت.

**گوڵان:** بۆچی تاکو ئێستا مۆنۆمێنتی راپەڕین لە رانیە دروست نەکراوە؟

**قائیمقامی رانیە:** ئەمە پرۆژەیەك بوو لەو پرۆژانەی لەبەر دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە و جێبەجێکردنی دواکەوت، لەلایەکی ترەوە دوای بانگهێشتکردنی هونەرمەندان تاوەکو دیزاینێکی گونجاو دروست بکەن، بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئەنجامێك، ئێستا دیزاینی مۆنۆمێنتەکە دراوەتە کۆمپانیایەك ئومێدەوارین لەم نزیکانە ئەو پرۆژەیە دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت.

### هیچ بودجەیەکی تایبەت بەقائیمقامییەتمان لەبەردەستدا نییە، بوونی دەسەڵات بەبێ بوونی بودجە سوودی چییە؟

**گوڵان:** ئایا هۆکاری سستی پرۆژەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**قائیمقامی رانیە:** یەکە ئیدارییەکان بەگشتی زۆر دووچاری رۆتین و بیرۆکراتییەت دەبنەوە، کاتی خۆشی زۆر بەدەست ئەم دیاردانەوە گیرۆدەبووم، لەمبارەیەشەوە بەشداری دوو کۆبوونەوەی فراوانی نەهێشتنی رۆتین و چۆنیەتی کارکردنی یەکە ئیدارییەکانم کردووە تاوەکو دەسەڵاتەکان لەپێناو باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان دابەزێنە خوارەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەو کەمکردنەوەی مەرکەزییەت و دابەزینی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە پێویستی بەلێوردبوونەوەی پتر هەیە، تاوەکو بتوانرێت یەکە ئیدارییەکان لەگەڵ وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بەسیستەمێکی پێشکەوتوو زانستییانە تر ئەرك و مافەکان پەیڕەو بکرێت، بەڕای من هەموو دەسەڵاتێکی یەکەی ئیداری گەر بێتوو پاڵپشتییەکی ماددی لەگەڵدا نەبێت سەرکەوتوو نابێت، چونکە من تێناکەم گەر بێتوو دەسەڵات هەبێت و بودجە نەبێت، چۆن دەتوانرێت پرۆژەو کاری باش بکرێت. ئێمە هیچ بودجەیەکی تایبەت بەقائیمقامییەتمان لەبەردەستدا نییە، بۆ نموونە گەربێتوو توانیمان و بڕیارماندا پرۆژەیەك بەچەند ملیۆنێك بخەینە بەرنامەوەو ئەنجامی بدەین، سوودی چییە کاتێك بودجەمان نەبێت. بۆ هەموو پرۆژەیەك لەلایەن وەزارەتەکانەوە پارە خەرج دەکرێت بودجە لای ئێمە نییە، ئەمساڵ لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هیچ پرۆژەیەکیان بۆ ئێمە نەبوو، لێرەدا دڵێم یەکێك لەکێشە سەرەکییەکانی شاری رانیە نەبوونی بودجەیەکی تایبەتە بەقائیمقامییەت، پێویستە لەهەموو قائیمقامییەتێك یەکەیەکی ژمێریاری هەبێت و خاوەنی بوجەیەکی دیاریکراو



**لەماوەی ساڵێکدا یا زیاتر تەنیا یەکجار چاودێری دارایی سەردانمان بکات ئەمە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی گەندەڵی**

بێت تاوەکو لەکاتێکدا پێویستمان بەپڕۆژەیەکی خێرا بێت یاخوود پڕۆژەیەکی پێویستی خزمەتگوزاری پێویستی بە نۆژەنکردنەوە بێت بەشێوەیەکی خێراو ڕێکوپێك پڕۆژەکە ئەنجام بدرێت. ئالێرەدا دابەزینی دەسەڵات کاریگەری خۆی دەبێت، ئەگینا دابەزینی دەسەڵات بەبێ بوونی بودجە سوودی چییە؟ هەر بۆیە پێویستە حکومەت میکانیزمی کارکردنی لەمبارەیەوە بگۆڕێت و با مانگانە چاودێری توونددانرێت و لێپێچینەوەش هەبێت. کاتێك لەماوەی ساڵێکدا یا زیاتر تەنیا یەکجار چاودێری دارایی سەردانمان بکات ئەمە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی گەندەڵی، پێموایە چاودێریکردنی بەردەوام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵەو گەندەڵی تەنانەت دەسەڵاتەکانیش دیاری دەکرێت، بۆیە لەسیستەمێکی کراوەیی کە خاوەنی چاودێری و لێپێچینەوە بێت، گەندەڵی کەم دەبێتەوە.

## وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یەکێکە لەو وەزارەتانەی کەچاوەڕێی کار و پڕۆژەی زۆرتری لێدەکرێت

**گـولان:** ئایا تا چ رادەیەك وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئەنجامدانی پڕۆژە و کارەکانیاندا پرس بەئێوە دەکەن، ئێوە توانیوتانە ریزبەندێك بەپڕۆژەو کارەکان پێشکەش بەوان بکەن؟

**قائیمقامی رانیە:** هەڵسەنگاندنی پڕۆژەی وەزارەتەکان بەپێی گرنگیان دەگۆڕێت، هەندێك وەزارەت هەیە پێوەندی راستەوخۆی بەهاووڵاتییان و ژێرخانەوە هەیە، هاووڵاتییان چاوەڕێی کاری زیاتر و باشتریان لێدەکەن، وەکو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە یەکێکە لەو وەزارەتانەی لەناوچەکەماندا خەڵکی چاوەڕێی کار و پڕۆژەی زۆرتری لێدەکەن. کاتێك باسی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەکەین، ئەوا پێوەندی لەگەڵ هەموو خەڵك نییە، بەڵکو پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان هەیە، بۆیە ناتوانم وا بەئاسانی هەڵسەنگاندنی کار و پڕۆژەی وەزارەتەکان بکەم.

دەتوانم بەشێوەیەکی گشتی باس لەوە بکەم کە ئێستا هەموو وەزارەتەکان بۆ دانانی بەرنامەو پلانی پڕۆژەکان بۆ یەکە ئیدارییەکانی شار و شارۆچکەکان دەگەڕێنەوە، ئەولەوییەتی پڕۆژەکانیش لای ئێمەیەو بەپێی ریزبەندی و گرنگییان دەستنیشانکراوە، بۆ پڕۆژەکانی ٢٠١١ بەلیست و بەپێی ئەولەوییەت و گرنگییان نووسراومان بەرز کردۆتەوە، لەو کاتەدا گەر وەزارەتێك بیەوێت پڕۆژەیەك ئەنجام بدات، دەزانێت بۆ ناوچەکە چەند گرنگەو بەپێی ریزبەندی کارەکان پڕۆژەکان ئەنجام دەدات، کاتێك سەرۆکی یەکە ئیدارییەکەش بگۆڕدرێت کاریگەری لەسەر کار و پڕۆژەکان نابێت، چونکە ریزبەندی پڕۆژەکان بەپێی پێویستی و گرنگییان دیاریکراوە.

**گولان:** پڕۆژەی ئاوی رانیە گەیشتۆتە چ قۆناغێك، ئایا پێتوانییە خەڵکی گلەیی و رەخنەیان لەدواکەوتنی پڕۆژەکان و دەرکەوتنی کەموکورتی تێیاندا هەیە؟

**قائیمقامی رانیە:** لە زۆربەی پڕۆژەکان گلەیی و گازندەمان لەلایەن خەڵکەوە رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەویش لەبەر خراپی پڕۆژەکان و دواکەوتنێتی، چونکە لەکاتی خۆی حزبی بەعس نەك تەنیا ژێرخانی وێرانکردووین، بەڵکو لەسەر هزر و عەقڵییەتیشمان کاریان کردووە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ نەبوونی کەسانی شارەزاو لێهاتوو کە خاوەنی پسپۆرایەتی بن لەئەنجامدانی کاری ڕێکوپێك دا، لەچەند ساڵی رابردوو رەخنەو گلەییمان ئاراستە کرا بەوەی پڕۆژەکان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت یاخود کەموکورتی تێدایە، ئەمە بۆ ئەو هۆکارە ناگەڕێتەوە کە وڵاتەکەمان خۆش ناوێت و پڕۆژەی خراپی بۆ دەکەین، راستە هەندێك کەس مەبەستی تەنیا پڕکردنی گیرفان و دەوڵەمەندبوونێتی و گوێ بەکوالێتی پڕۆژەکان نادات، زۆربەی ئەندازیارەکانمان شارەزاییان لەبەشی دیزاینی پڕۆژەکان نییە، هەربۆیە بەدەگمەن دەتوانرێت دیزاینی باش و سەرکەوتوو بۆ ڕێگاوبان و پردو پڕۆژە گەورەکان ئەنجام بدەن، لەلایەکی ترەوە نەبوونی ئامێری تاقیگەیی و مەیدانی و نەبوونی کارمەندی شارەزاو پێویست. لەم روانگەیەوە زۆربەی پڕۆژەکان کە تەواو دەبێت کەموکورتی زۆری تێدایە.

**پێموایە چاودێریکردنی بەردەوام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵەو گەندەڵی تەنانەت دەسەڵاتەکانیش دیاری دەکرێت**

زۆرجاریش خراپی پڕۆژەکان بۆ خێرایی و پەلەپەلی زیاد لەپێویست بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە کراوە، لەکاتێکدا ئەو بەڵێندەرە یاخود کۆمپانیایە لەو ئاستە دا نییە پڕۆژەکە خێرا ئەنجام بدات. ماوەیەکیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان خێرایی لەئەنجامدانی پڕۆژەکانی راگرتووە تاوەکو کەموکورتی تێدا نەمێنێت و

**زۆربەی ئەندازیارەکانمان شارەزاییان لەبەشی دیزاینی پڕۆژەکان نییە، هەربۆیە بەدەگمەن دەتوانرێت دیزاینی باش و سەرکەوتوو بۆ ڕێگاوبان و پرد و پڕۆژە گەورەکان ئەنجام بدەن**

**کاتێک پارچە زەوییەک بۆ وەبەرهێنێک لە ڕانیە تەرخان دەکرێت، خەڵکەکە وادەزانێت ئەم کارەمان بەبەرتیل کردووە**

**ئەمساڵیش لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هیچ پڕۆژەیەکیان بۆ ئێمە پێ نەبوو**

وتراوە دیراسەی تەواوی ئەو پڕۆژانە بکرێت کە ئێمە داوامانکردووەو خەمڵانــدن و دیزاینی بۆ بکەین و ئاماژە بەســوودو کەڵکی ئابوورییانەی پڕۆژەکەش بکرێت.

ســەبارەت بــە دواکەوتنی بەپــڕۆژەی ئاوی دەربەندیش کە تایبەتە بە ئــاوی خواردنەوە کە بــۆ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس ئاو دابین دەکات، ئەم پڕۆژەیە ســتراتیژییەو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ناوچەکــە لەگرفتی کەمئــاوی ڕزگار دەکات، بەڵام ئــەم پڕۆژەیــە یەکێکە لــەو پڕۆژانەی بەدەســت دیزاینی خراپ و ناتەواوەوە دەناڵێنێت کەلەلایــەن زانکۆی ســلێمانییەوە ئەنجامدراوە، حســابی کەمکردنەوەو زۆربوونی ئاوەکە نەکراوە لەساڵانی وشکەساڵی هەر وشك دەبێت و لەپایز و هاوین ئاوەکە کەم دەبێتەوەو لەبەهارانیش لیتەو قوڕو سیخی زۆر دەڕژێتە ناو حەوزەکە، ئەمەش (پڕۆژەی ئاوی قولە)شمان هەیە کە پڕۆژەیەکی ســتراتیژییەو پتر لە ٦٠٪ی شاری ڕانیە ئاوی خواردنــەوە لەم پڕۆژەیــە وەردەگرن، ئەگەر ئەم دوو پڕۆژەیەش بەشــی ناوچەکــە نەکات، ئەوا پڕۆژەی پاڵپشت دەخەینە کار کە بیرەکانی ئاوی خواردنەوەیە لەشار و شارۆچکەکان.

## نەبوونی ماستەرپلان لەهەر شارێکدا واتە بێ بەرنامەیی لە پرۆژەکانی ئەو شارەدا

**گــوڵان:** وەکو ئاشــکرایە بوونی ماســتەرپلان ڕێگەنیشــاندەرێکە بــۆ هەمــوو کار و پڕۆژەو پێشــکەوتن و گەشەکردنێکی شار، ئایا نەبوونی ماســتەرپلان چ کاریگەرییەکی لەســەر ڕانیە دروســتکردووە؟ بۆچی تاکو ئێستا ئەم پڕۆژەیە ئەنجام نەدراوە؟

**قائیمقامی ڕانیە:** ماستەرپلان نەك تەنیا بۆ شار، بەڵکو بۆ مامۆســتایەکی بنەڕەتیش گرنگە و تەواو نەبــووە، لەگفتوگۆکانمان لەگەڵ لایەنی بەرپرس و لەســەردانی بەڕێز وەزیری شارەوانی بــۆ ناوچەکــە بەڵێنی پێدایین کــەوا : ((ڕانیە یەکێك لەو شــارانە دەبێت کە ماســتەرپلانی بۆ دادەنێین..)).

**گوڵان:** دەڵێن لەشاری ڕانیە ڕووبەری زەوی بۆ وەبەرهێنان نەماوە، ئەگەر وەبەرهێنێك بێتە ڕانیەو بیەوێــت پڕۆژەیەکی وەبەرهێنــان ئەنجام بدات چۆن چارەســەری گرفتــی نەبوونی ڕووبەری زەوی دەکەن؟

**قائیمقامــی ڕانیــە:** هەر لەکابینــەی پێنجی حکومەتــی هەرێمی کوردســتانەوە کارمان بۆ چارەســەرکردنی ئەو گرفتە کــردووە، ئەوەبوو داوایەکمان خستەبەردەم حکومەت بۆ ئەوەی ئەو پارچە زەوییانەی کە دەکەوێتە پێشەوەی شاری ڕانیە کاتێك لەچوارقوڕنەوە داخیل بەشارەکە دەبێت




بۆ پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە نابێت.

لەساڵی ٢٠٠٦ـەوە داوامانکردووە دیزاینی پڕۆژەکە بگۆڕدرێت، لەگــەڵ گۆڕینــی دیزاینەکەش هەموو کارەکانی پڕۆژەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێــت، بۆیە پڕۆژەکــە ڕاگیــرا، گەرچی ئەم پڕۆژەیە لەســاڵی ٢٠٠٥ـەوە دەســتی پێکراوە، ماوەیەکە لەلایەن حکومەت و وەزارەتی شارەوانی و پارێــزگای ســلێمانی لیژنەیــەك دانراوە بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەنجامدانی پڕۆژەکەو ئێستا کارکردن لەســەر پڕۆژەکە دەستی پێکردۆتەوە.

ئێمەش ئەندازیاری تایبەتمــان داناوەو بەردەوام ســەردانی مەیدانی پڕۆژەکە دەکەین، لەڕاستیدا کاری ئیداری و میکانیکی تەواو بووە و کاری کارەبایــی و هەڵهێنجان و بەســتنەوەی حەوزی ئاوەکە بەتۆڕی دابەشــکردنی شــاری ڕانیەو چوارقوڕنــەو حاجی ئاواو بێتواتە ماوە، هاوکات پێویستە، بەبێ ماســتەرپلان ناکرێت بەباشترین شــێوە بەرنامەو پــلان بۆ پــڕۆژەو چۆنیەتی گەورەبوونی شار دابنرێت، نەبوونی ماستەرپلان لەهەر شــارێکدا واتە بێ بەرنامەیی، لەشاری ڕانیەش نەبوونی ئەو ماستەرپلانە زیانی گەورەی لێداوین، بۆیە نازانین چۆن گەڕەکەکان دابنێین و شــار بەرەو ئاراستەی گەورەبوون بنێین ناوچەی سەوزایی و دەستنیشانکردنی شوێنی نەخۆشخانەو قوتابخانــەکان بەبێ ماســتەرپلان ســەرکەوتن بەدەســت ناهێنێت. هەموو دەستنیشــانکردنی شوێنێك بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان دەکەوێتە سەر زەوق و ئارەزووی ســەرۆکی شارەوانی و بەشی هونەری. لەم ڕووەوە نەبوونی ماستەرپلان یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی هەموو کەموکورتییەکە هەر ئەمەش کاریگەری لەســەر پڕۆژەی ئاوی دەربەند دروستکردووە، تا ئێستا ئەو پڕۆژە گرنگە تاوەکو لێیان وەربگرینەوە دوای ئەوەی قەرەبووی خاوەنەکانیان دەکەیــن، ئەوەبوو داواکارییەکەمان قبووڵکراو پارچە زەوییەکی زۆرمان بۆ گەڕایەوەو چووە سەر موڵکی شارەوانی و ئێستاکە دەتوانین کاری لەسەر بکەین، لەناوچەی ڕانیە دەتوانرێت لەهەموو بوارەکان وەبەرهێنان ئەنجام بدرێت هەر لەبواری نیشتەجێبوون تا کشتوکاڵ و بازرگانی، لەڕانیە لەڕێگەی وەبەرهێنانــەوە دوو پڕۆژەی نیشتەجێبوون ئەنجام دەدرێت، کە لەلایەن هەردوو کۆمپانیــای بەڕێز و لوتکــەوە ئەنجام دەدرێت، هەروەهــا چەنــد باڵەخانەیەکی تریــش لەناو سەنتەری شــاری ڕانیە لەدروستکردندایە، ئەمە جگە لەدروستکردنی تەلارێك لەسەر ئاوی قولە، لەلایەکی ترەوە باشترین ســەربڕخانەی پەلەوەر لەشــاری ڕانیە هەیە کە نزیکەی ١٠٠ کرێکار کاری تێدا دەکەن، هــاوکات لەڕێگەی کەرتی



تایبەتەوە شـــاری یاری لەرانیە دروست دەکرێت، وەبەرهێنێکیـــش هاتـــووە داوای پارچە زەوییەك دەکات بۆ دروســـتکردنی سابوون و شامبۆ، کە بەپێی ئەو دیراسەتەی بۆ ئێمەی هێناوە نزیکەی ٣٠٠- ٤٠٠ کرێکار دەتوانـــن لەو کارگەیە کار بکەن.

**گـــوڵان:** ئایـــا دابەشـــکردنی زەوی بەســـەر فەرمانبەران و مامۆســـتایان و توێژە جیاجیاکان لەشاری رانیە جێبەجێ دەکرێت؟

**قائیمقامی رانیە:** بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردســـتان لە ٢٠٠٦/٦/٨ دابەشکردنی زەوی وەستاوە، بەپێی ئـــەو فرمـــان و بڕیارانەی کـــە لەئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی دەرچووە کە بەپێی مـــەرج و ڕێنمایی زەوی بدرێت بە فەرمانبەر و مامۆســـتایان و کەسانی دیکەش ئێستاکە تەنیا ئەمانـــە جێبەجێ دەکرێت، ئەمـــەش وایکردووە ڕووبەڕووی گلەیی و ڕەخنـــە ببینەوە، چونکە ماوەیکی زۆرە زەوی دابەش نەکراوە. داواکارین لەبەڕێز وەزیری شارەوانی لەو زەوییانەی کە تازە کوژانەوەیان بۆ کراوە بەڕێژە بۆمان دیاری بکات و چەند پارچە زەوییەك بەسەر چین و توێژەکاندا دابەشبکرێت.

## وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەرامبەر بەدەڤەرەکەمان کەمتەرخەمن

**گـــوڵان:** رانیـــەو دەوروبـــەری یەکێکـــن لەو ناوچانەی کوردســـتان کە دەوڵەمەندن بە ئاژەڵ و مەڕو ماڵات، بۆچی تاکو ئێســـتا نەتوانراوە کارگەیەکی شیرەمەنی یاخود قوتووبەند دروست بکرێت؟ ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پاڵپشتی و پشتگیری ئەنجامدانی پڕۆژەی لەمشێوەیە دەکەن؟

**قائیمقامـــی رانیـــە:** وەزارەتی کشـــتوکاڵ و ســـەرچاوەکانی ئاو بەرامبـــەر بەدەڤەرەکەمان زۆر کەمتەرخەمـــن، رانیـــەو دەشـــتی بێتوێن بەهۆی بوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵـــداری زۆر گونجاوە بـــۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنـــان، دەتوانرێت زۆر کارگەی شـــیر و قوتوبەند دابمەزرێن، بـــەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ نایەت لەسەر ئەم ناوچەیە کار بکات و پاڵپشـــتی خەڵك و گووندنشـــینەکان بکات بـــۆ ئەنجامدانی پـــڕۆژەی کشـــتوکاڵی، ئەم دەڤەرە زۆر گرنگەو کاریگەری باشـــی دەبێت بۆ پێشخســـتنی ژێرخانی ئابووری کوردستان. پێویســـتە وەزارەتی کشـــتوکاڵ بێتە ئەم دەڤەرە بەرفراوانە کشـــتوکاڵییە کار بەبەرنامەو پلانی جیهانی پێشکەوتوو، وا لەجووتیار بکات لەسەر سیستەمی هاوچەرخ کار بکات، لەبری ئەوەی پیکاب بەسەر جووتیاران دابەش بکات کە بۆتە کاری بازرگانـــی با تراکتـــۆر و ئامێری تری کشتوکاڵی دابەش بکات. بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ نایـــەت بە٥٠ تا ١٠٠ دۆنـــم زەوی یەك بیری ئاویان بۆ لێبدات؟

**گوڵان:** پێتوانییە دەستەی وەبەرهێنان زیاتر هانی وەبەرهێنەکانیان داوە وەبەرهێنان لەناوەندی شارە گەورەکان ئەنجام بدەن، بەو پێیەی جیاوازی لەو ئاسانکاری و یارمەتییانە نییە کە پێشکەش بە وەبەرهێنەکان دەکرێت؟

**قائیمقامی رانیـــە:** پێموایە دەزگای وەبەرهێنان لەوڵاتـــی ئێمـــە دەزگایەکی نوێیـــەو عەقڵی خەڵکەکەش بەشێوەیەکی باش سەیری وەبەرهێنان نـــاکات، بۆ نموونە کاتێك پارچـــە زەوییەك بۆ وەبەرهێنێـــك لە رانیە تەرخان دەکرێت، خەڵکەکە وادەزانێـــت ئـــەم کارەمـــان بەبەرتیـــل کردووە، ســـەرمایەدارانی رانیە ئامادەییـــان تێدایە بۆ وەبەرهێنـــان، بەڵام کار و چالاکـــی وەبەرهێنان نەگەیشـــتۆتە هەموو شـــوێنێك، زۆرجار داوام لـــەدەزگای وەبەرهێنانی ســـلێمانی کردووە کە پێویســـتە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و هۆشـــیاری هاووڵاتییان ســـیمنار و وۆرگ شۆپ لە قەزاو ناحیەو تەنانەت لەگوندەکانیش ســـاز بکرێت تاوەکو خەڵك بزانێت چ ســـوودێك لەوەبەرهێنان هەیە.

## لەدروستکردنی پڕۆژەی بەنداوی سەرکەپکان حکومەتی ناوەندی ڕێگری دەکات

**گوڵان:** داوای دروستکردنی بەنداوێکتان کردبوو کە بۆ بەرهەمهێنانـــی وزەی کارەباش گرنگە، ئایا ئەم پڕۆژەیە چی بەسەر هات؟

**قائیمقامـــی رانیـــە:** بەنداوێك لە ســـەروچاوە دروســـتکرا کە ئاوێکی باش ئەمبـــاردەکات و دیمەنێکی جوانی بۆ بواری گەشتوگوزاری هەیە، تەنانـــەت جووتیارانیش دەتوانن لە ئەمبارکردنی ئاوی ئەم بەنداوە ســـوودی لێوەربگرن، بەڵام ئەم بەنـــداوە بەکەڵکی بەرهەمهێنانـــی وزەی کارەبا نایەت، بۆیـــە بۆ بەرهەمهێنانـــی وزەی کارەبا داوای دروستکردنی بەنداوێکمان کردووە لەدۆڵی سەرکەپکان لەناحیەی ســـەرکەپکان کە دەکرێت ئاوێکـــی باش کـــۆ بکاتەوەو بـــۆ جووتیارانی دەشـــتەکەو دەوروبەری ســـوودی زۆر دەبێت و دەتوانرێت بڕە کارەبایەکی باش بەرهەم بهێنرێت، دروســـتکردنی بەنـــداو جگـــە لەئەمبارکردنی ئاو بۆ بەخێوکردنی ســـامانی ماسیش گرنگە تەنانەت بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاریش پێویستە.
لەدروســـتکردنی ئەم بەنداوە کێشـــەمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەیە، ئەوان دەیانەوێت

**یەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەتی شارەوانی دروستکردنی ماستەرپلانێکی پێشکەوتووە کە لەگەڵ گەورەبوون و فراوانبوونی ئاستی گەشەکردنی شارەکە بگونجێت**

**لەکاتی دەرکەوتنی هەر کەموکورتییەک لەپرۆژەکان پێویستە هەریەک لە بەڵێندەرو ئەندازیارانی سەرپەرشتیارو چاودێر بەر لە تەواوبوونی پرۆژەکە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت**

**بڕیارە شەقامی جووت سایدی چوارقوڕنە- رانیە لە ٢٠١١ بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

**بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتییان سیمنار و ووۆرگ شۆپ لە قەزاو ناحیەو تەنانەت لەگوندەکانیش پێویستن، تاوەکو خەڵک بزانێت چ سوودێک لەوەبەرهێنان هەیە**

دروستی بکەن لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەر لەسەر بودجەی ئەوان بێت کارێکی باشە، بەڵام لەسەر بودجەی خۆمان پارەیەکی زۆری دەوێت و پرۆژەی لەپێشتر و پێویسترمان هەیە، بۆیە تا ئێستا پرۆژەکە نەچۆتە بواری پراکتیکییەوە.

## هەمووی چەند هەفتەیەک نابێت دەست بە پرۆژەی دروستکردنی زانکۆی راپەڕین کراوە

**گوڵان:** ئاشکرایە کەوا زانکۆی رانیە بەردی بناغەی بۆ دانراوە، ماوەیەکە کاری لەسەر ناکرێت؟ ئایا بۆچی تاکو ئێستا کارکردن لەم پرۆژە گرنگە وا بەهێواشی بەڕێوەدەچێت؟

**قائیمقامی رانیە:** ماوەیەك بەسەر دانانی بەردی بناغەی زانکۆی راپەڕین تێپەڕی و واتە پرۆژەکە دواکەوتووە، چەند هەفتەیەکە دەست بەکارکردن کراوەو لەقۆناغی یەکەمدایەو ئەم بەشەی کە دەستی پێکردووە لەماوەی ٣٦٠ رۆژ تەواو دەبێت، جگە لەزانکۆ چەند پرۆژەیەکی تریشمان هەیە دواکەوتووە بەهۆی دواکەوتنی تێپەڕبوونی پەسەندکردنی بودجەوە لەپەرلەمانی کوردستان.

## لەبەرنەبوونی دیزاینی نەخۆشخانەی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی پرۆژەکە تا ئێستا دواکەوتووە

**گوڵان:** لەبواری تەندروستی ئایا کەموکورتیی هەیە، چ هەنگاوێك کراوە بۆ پێشخستنی کەرتی تەندروستی؟

**قائیمقامی رانیە:** بڕیارە نەخۆشخانەیەکی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی لە رانیە دروست بکرێت، بەڵام لەبەرنەبوونی دیزاینی ئەمجۆرە نەخۆشخانەیە پرۆژەکە دواکەوتووە، ماوەیەك لەمەوبەر وەزیری تەندروستی پێی راگەیاندین کە دیزاینی نەخۆشخانەکە تەواو بووەو ئەمساڵ دەست بەدروستکردنی نەخۆشخانەکە دەکرێت، بەمەش زۆربەی کێشەکانی کەرتی تەندروستیمان لەناوچەکە چارەسەر دەبێت، ئەو نەخۆشخانەیەی ئێستا هەمانە راستە کۆنە، بەڵام نۆژەنکراوەتەوە و لە ٣٠ قەرەوێڵەوە فراوان کراوە، لەلایەکی ترەوە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان بەباشترین و تازەترین کەرەستەو ئامێر لەرانیە هەیە، بگرە پزیشکی پسپۆر و شارەزای ئافرەت و پیاو کاری تێدا دەکەن، هەروەها سەنتەری شووشتنەوەی گورچیلەمان هەیە کە زۆر پێشکەوتووەو خاوەنی تاقیگەیەکی ناوەندی پشکنینی پێشکەوتووین، ئەمە جگە لەنەخۆشخانەی کوردستانی تایبەتی کە سەرجەم نەشتەرگەرییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، چەند نەخۆشخانەیەکی ئەهلی تر لە رانیە هەیە کە ٢٤ کاتژمێر دەوامیان هەیە. هەروەها نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخی ئەهلی بۆ نەخۆشییەکانی دڵ دروستکراوە کە جۆرەها پزیشکی شارەزاو پسپۆر کاری تێدا دەکەن.

**لەبری ئەوەی پیکاب بەسەر جووتیاران دابەش بکرێت کە بۆتە کاری بازرگانی بۆ هەندێ کەس با تراکتۆر و ئامێری تری کشتوکاڵی دابەش بکرێن؟**

کەرتی تەندروستی لە رانیە بەمشێوەیەیە، بەڵام سەنتەرەکانی کەمئەندامان و ئۆتیزم و پەککەوتەو بەساڵاچووانمان نییە، ئەوەی پتر رەخنەمان لەسەری هەیە لەکاتی دابەشکردنی پزیشکدا بەپێی پێویست پزیشکمان بۆ نانێرن، چونکە پاڵەپەستۆیەکی زۆری نەخۆش لەسەر نەخۆشخانەکانمان هەیە بەرادەیەك لەناوچەکانی دەوروبەریشەوە نەخۆش دەهێنرێتە رانیە.

**گوڵان:** سەبارەت بەپەککەوتووان و بەساڵاچووان ئایا لەم رووەوە چ پرۆژەیەکتان ئەنجام داوە؟

**قائیمقامی رانیە:** لەرانیە شوێنی تایبەت بەم ئازیزانە نییە، ئەگەر دیاردەیەکی وا بەرچاو بکەوێت، ئەوا دەست بەجێ نووسراو دەکەین بۆ سلێمانی یا هەولێر کە سەنتەر و شوێنی شیاو هەیە بۆ بەخێوکردنی ئەو بەساڵاچووانانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە، تاوەکو شوێنیان بۆ دابین بکرێت.

## گەرچی ئەم هەموو پرۆژەی بینایەی قوتابخانانە دروست دەکرێت و بەڵام کێشەی سێ دەوامیش هەر دەمێنێ

**گوڵان:** لەبواری پەروەردە چ گرفتێکتان هەیە، بۆچی تاکو ئێستا گرفتی سێ دەوامی هەر ماوە، ئایا چ پلانێك بۆ پێشخستنی کەرتی پەروەردە لەم ناوچەیە لەبەردەستدایە؟

**قائیمقامی رانیە:** لەئاکامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و ئەو ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردنەی لەشاری رانیەو سنوورەکەی دا هەیە کێشەو گرفتی پەروەردەمان هەیە، بەتایبەتی سێ دەوامی و زۆری ژمارەی قوتابیان لەیەك پۆل دا، سەرەڕای ئەو هەموو بینایەی قوتابخانەکان کە دروستکراوە، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەو پلانەی لەبەردەستدایە بۆ زیادبوونی ژمارەی بینایەی قوتابخانەکان تارادەیەك کێشەی سێ دەوامی و زۆری قوتابییان لەپۆلێکدا چارەسەر دەبێت، بەڵام پێموایە کێشەی سێ دەوامیش لەهەندێك قوتابخانە هەر دەمێنێت. بڕیارە لەپلانی ئەمساڵدا ١٠٠ بینایەی قوتابخانە لەسنووری پارێزگای سلێمانی دروست بکرێت و ژمارەیەکیش لەم قوتابخانانە لەشاری رانیە دروست دەکرێت.

ئەوەی لەساڵی داهاتووی خوێندن بۆ ئێمە دەبێتە ئاستەنگ، دوو قوتابخانەیە کە دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی بازاڕی رانیە، کە بەر پرۆژەی شەقامی فراوانکردنی بازاڕ(جووت - سایەد) دەکەوێت، لە ئێستاکەوە داوامانکردووە ئەم دوو قوتابخانەیە بگوازرێتەوە یا چارەسەرێکی گونجاوی تریان بۆ بکرێت.

**گوڵان:** بۆچی تاکو ئێستا جووت سایدی نێوان چوارقوڕنە - دوکان نەکراوە؟



**قائیمقامـــی رانیـــه:** دیزاینی جووت ســـایدی چوارقورِنـــه - دوکان تەواوبـــووەو وەزارەتـــی ئاوەدانکردنـــەوە بەنیـــازە بیخاتـــە بەرنامـــەی جێبەجێکردنەوەو بڕیارە لە ســـاڵی ٢٠١١ دەست بەجێبەجێکردنی پڕۆژەکە دەکرێت.

**گوڵان:** بوونی کارگەی بلۆك و چەوو لم لەمبەر و ئەوبەری شـــەقامی ســـەرەکی دەروازەی شار هەروەکو خۆی دەمێنێت یا بەنیازن بیگوازنەوە؟

**قائیمقامـــی رانیە:** لـــەدوای راپەڕین بەهۆی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردســـتان و بوونی کانـــی چەوو لم لەم ناوچەیـــەدا کە پێی دەڵین بەســـتی قائیمقام، وایکردووە ژمارەیەکی زۆری کارگەی چەوو لم بەشـــێوەیەکی خراپ دابەش بـــن کە بەشـــێکیان هەر مۆڵەتیـــان نییە، وەکو قۆناغی یەکەم هەڵســـاین بەدوورخســـتنەوەی کارگەکان لەسەر شەقامە سەرەکییەکە، ئێستاکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانی خەریکی بەرنامەیەکن بۆ گواستنەوەی کارگەکان بۆ ناوچەیەکی پیشەسازی تایبەت، گەرچی ئەم بڕیارە تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوەو نازانین پلانی حکومەت لەمبارەیەوە چۆن دەبێت..

## نەبوونی شوێنێک بۆ فڕێدانی خاشاک و زبڵ، کێشەیەکی سەرەکی رانیەو شارەوانی رانیەیە

**گـــوڵان:** لەبەردەم ماڵان و ناو بـــازاڕەکان زبڵ و خاشـــاك دەبینرێت، ئایا کاری پاککردنەوەی شـــار لەلایەن کێوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆچی هەوڵنادرێت کارگەیەکی رســـایکلین دابمەزرێت تاوەکو ژینگەی ناوچەکەتان پارێزراو بێت؟

**قائیمقامی رانیە:** کێشـــەیەکی سەرەکی رانیەو شـــارەوانی رانیە نەبوونی شـــوێنێکی فڕێدانی خاشـــاك و زبڵـــە، چونکە زۆربەی شـــوێنی سنوورەکەی بۆ نیشـــتەجێبوون و کشتوکاڵییە، تەنانەت ئەو شوێنەی ئێســـتا زبڵ و خاشاکی لـــێ فڕێدەدەن بڕیارە بکرێتە پارکی راپەڕین کە رووبەرەکەی ٢٨٠ دۆنم چوارگۆشـــەیە، بۆ ئەم کارە داوامان لە بەڕێز وەزیری شارەوانی کردووە کە کارگەیەکی رسایکلینمان بۆ دابمەزرێنرێت، بەڕێزیـــان بەڵێنیان پێدایـن، بەڵام تاکو ئێســـتا جێبەجـــێ نەکـــراوە، ئەگـــەر کار وابـــڕوات و چارەسەری کەڵەکەبوونی زبڵ و خاشاك نەکرێت، بارودۆخێکی ترسناك نەك تە نیا لەسەر رانیە.

**گـــوڵان:** ئایا کەمـــی ئاوەڕۆ لەشـــاری رانیە نەبۆتـــە ســـەرچاوەیەکی گرفـــت بەتایبـــەت لەگەڵ فراوانبوونی شـــارو زیادبوونی گەڕەکە نوێیەکان؟

**قائیمقامی رانیە:** ســـەڕەرای ئـــەوەی بۆ زۆر شـــوێن و گەڕەك ئاوەڕۆ کـــراوە، بەڵام چەندین شوێن و گەڕەکیش بێ ئاوەڕۆن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتە چونکە لەوەرزی بارانبارین زیاتر کاریگەری لەســـەر خەڵکەکە دروســـت دەکات، بۆیە چەند رۆژێکە لەچەند گەڕەکێك دەستکراوە بەپڕۆژەی ئاوەڕۆ و بە تەواوبوونی ئەم پڕۆژانە شاری رانیە پتر لە ٧٥٪ی ئاوەڕۆی دەبێت، لەو کاتەدا گرفتەکە کەم دەبێتەوە.

## لەسەردانی وەزارەتەکان ماندو و نائومێد بووم، بە کورتی داواکارییەکانمان جێبەجێ ناکرێن

**گوڵان:** وەکـــو یەکەیەکی ئیداری لەرانیە چەند ســـەردانێکت بۆ وەزارەتەکان کردو لەگەڵ چەند وەزیرێکـــی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان گفتوگـــۆت ئەنجـــام دا، ئایا لەو دانیشـــتن و کۆبوونەوانـــە تاچەنـــد ئومێد بەخـــش بوون و داواکارییەکانتان جێبەجێ کراون؟

**قائیمقامی رانیە:** بـــاوەڕم زۆر بە پێوەندیکردن هەیـــە، بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنی پێوەنـــدار، زۆر سەردانیشـــم کـــردن، بەڵام زۆر ماندوو بووم و کەم ئومێدم دەســـتکەوت زۆربەی داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکرا، بۆیە ئێستا ئەم ســـەردانانەم کەمکردۆتەوە نەخەڵك ئازار دەدەم نەخۆشم ماندوو دەکەم، چونکە هەوڵەکان بێسوود بوون، ســـەڕەرای ئەوەی لەگەڵ هەندێك لایەن ئومێدمان هەر هەیە..

**پاڵەپەستۆیەکی زۆری نەخۆش لەسەر نەخۆشخانەکانمان هەیە بەرادەیەک لەناوچەکانی دەوروبەریشەوە نەخۆش دەهێنرێتە رانیە**

**لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی کوردستانەوە زۆر باسی قارەمانێتی ئەم شارە کراوەو تەنیا رۆژی ٥ ئازاریان پێ کرا بە رۆژی پشووی فەرمی لە کوردستاندا**

